کۆماری پیاوانی تۆبەکار

دەربارەی پیاوەتی، گوناە و سیاسەتی قوربانییبوون

پێشڕەو محەمەد

١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦ وتار

سێرکی سەر چیمەنەکە و سەدەیەک لە پشتییەوە

سێرکێک لەسەر چەشن و شێوەی قەفەس لەنێو چیمەنی بەردەم کۆشک بونیاد دەنرێت، وەک باڵەخانەیەکی زەبەلاح قیت دەکرێتەوە. لەسەروبەندی هەشتاسالەی لەدایکبوونی ئیمپراتۆردا، سێ یەکی کۆشکی ئیمپراتۆری لە وێرانە دەچێت، لە کاتێکدا سێ بەشەکەی دیکەی گۆڕدراوە و کراوە بە سێرکێکی سەرسوڕهێنەر. لەسەر چیمەنەکەی بەردەم کۆشک، قەفەسێکی ئاسنیی زەبەلاح بەرز کراوەتەوە، لەو شوێنەی وا دانراوە گلادیاتۆرەکان ڕووبەڕووی یەک ببنەوە، ئامادەبووانیش فیکە لێ بدەن و ئیمپراتۆر خۆشحاڵ بکەن. ئیمپراتۆر هێشتا دەولەمەند، خاوەن سامانە و جیهان لێی دەترسن، بەڵام لە ژێرپێی و لە بناغەی ئیمپراتۆرییەکەیدا کۆمەڵێک درز دەرکەوتوون. لەگەڵ هەر

گەورەبوونێکی درز و قڵشەکاندا هێشتا کات بۆ خۆشحاڵی و سەرقاڵکردن هەیە: ئیمپراتۆر بەڵێنی دابوو گەورەترین نمایشی سەدە بئافرێنێت کە تا ئێستا مێژوو بەخۆیەوە نەبینیوە. هەندێک لەوانەی حەزیان دەکرد سەرقاڵ بن، نەهاتبوون، ئەمەش زۆر گرنگ نەبوو. بۆچی ئەستێرەیەک بانگهێشت بکرێت لە کاتێکدا ئیمپراتۆر ئەستێرەی هەرە پڕشنگداری نێو ئەستێران خۆیەتی؟ و بەم جۆرە ئیمپراتۆر مەزنایەتیی هەرمان و ئەبەدیی خۆی لە نەریتیترین شێوە و مۆدێلی ڕۆمانیدا نمایش دەکات: خوێن، نان، و قەفەسێکی زەبەلاح و قەیسەریش زەق زەق لە گلادیاتۆرەکان ڕاماوە شەڕ دەکەن و پێکدا دەدەن و بەهێواشی دەکەونە سەر زەوی. ڕەنگە لێرەدا خەیاڵی خوێنەر بۆ ڕۆمای کۆن، بۆ لای گایوس ژولیوس سیزار، ئیمپراتۆری ڕۆمانی بفرێت. بەڵام چی دەبێت ئەگەر بۆی دەرکەوێت ئەوەی باسی دەکەم، نە ڕۆمانێکی خەیاڵییە، نە سیزاری ڕۆمانیشە، بەڵکوو جەژنی نمایشیی لەدایکبوونی دۆناڵد ترەمپە کە دەبێتە ٨٠ ساڵ لەبەردەم کۆشکی سپیدا؟ بەڵێ، ئیمپراتۆرە ڕۆمانییەکان، بەتایبەت لە کۆتاییەکانی سەردەمی هەژموونی ڕۆمادا، ئەم جۆرە جەژنانەیان دەگێڕا. هەژموونی سەدەی ئەمریکییش وا دەردەکەوێت ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو نەمان و لاوازی بڕوات. کەسێش هێندەی ترەمپ زیانی بەم هەژموونە نەگەیاندووە. لە ڕاستیدا ئەم ڕووداوە بە فراوانی لەلایەن گوتاری دژە-ئەمریکییەوە، وەک کۆتاییی سەردەمی ئەمریکی و داڕمان و ئاوابوونی ئیمپراتۆریای ئەمریکی لێکدراوەتەوە. بەڵام با بپرسین هەر بەڕاستی ئەم زلهێزە بەرەو کەوتنە، یان لەوەی پێی دەگوترێت «ستراتیژی مەزنی ئەمریکی» (*American Grand Strategy*) گۆڕانکاری بەپێی سەردەمەکان ڕوو دەدات؟ هەرکەسێک بەوردی ئاگاداری ستراتیژی ئەمریکی بێت، دەزانێت خودی ئەم ڕووداوانە زۆربەی جار بەشێکن لە گەمەی ئەم ستراتیژییە و گرێدانەوەی دونیا بە تۆڕی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە، خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شتێک نییە، لانی کەم لە ئێستادا، بە ناوی داڕمانی هەژموونی ئەمریکی و ئەمەش بابەتێکە و لێرەدا جێی نابێتەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەین.

بەنزیکەیی چوار لەنێو پێنج کەسی هەواداران و شەیدایانی ئەم سێرکەی لەدایکبوونی ترەمپ، پیاوانی لاون. بەپێی زۆرێک لەو چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوانەی ئەنجام دراون، ئەم لاوانە ڕادیکاڵن و سەر بە کرۆکی ڕەقی ڕاستڕەوی ئەمریکین. ئەمەش دەبێتە هۆیەک لەلایەن گوتاری دژە-ئەمریکییەوە، وەک «قەیرانی پیاوێتی» بخوێنرێتەوە. هەندێکجار لە توێژی ژێرەوەی لیبراڵ دیموکراسییەکاندا و بە ناوێکی دیاریکراو، ئەمڕۆ لێرە و لەوێ، جاران بە دەنگێکی نزمتر، ئێستا بە دەنگێکی بەرزتر، باسی «قەیرانی پیاوەتی» (*crisis of masculinity*) دەکرێت و بۆ نموونە لاوانی تۆندڕەوی دژە-ژنی ناو بەشێکی بزووتنەوەی ترەمپیزمیش وەک نیشانەی نەخۆشیی ئەم قەیرانە سەیر دەکرێت. پرسیارێکی زۆر بنچینەیی ئەوەیە: هەر لە بنەڕەتدا شتێک هەیە بەناوی ***قەیرانی پیاوەتی***؟ یاخود ئێمە بەر جۆرێک لە دەرهاوێژیی قەیرانێکی قوواڵتر دەکەوین کە ناوی ***قەیرانی پیاوەتی*** لێنراوە؟

پێش هەر شتێک نامەوێت ئەم نووسینە بە دروشم دەست پێ بکات، چارەسەری «قەیران» لە ڕێگەی دروشمەوە بکات، چ دروشمی ئاهونالّە و چ دروشمی تۆمەتبارکردن بێت، ئەوەی بە دروشم بڕیار لەسەر پرسەکان دەکات، بیریان لێ ناکاتەوە، بەڵام لە بارەیانەوە دەدوێت. بەڵام ئەگەر وردتر سەیری ڕووداوەکانی ئەمڕۆ، جوولّە و چالاکی و لێدوانەکان بکەین، دروشمی ئاهونالّین و دروشمی تۆمەتبارکردن/مۆرکلێدان لە ڕاستیدا بوونەتە ژانر و ڕەوتێکی نوێی بینین، بیرکردنەوە و تەنانەت بڕیاردانی سیاسیش و ژانریش دەیەوێت لێرەدا وەک بیرۆکەیەکی نوێ دەست پێ بکات، بەڵام زوو دەبێتە شتێک کە مەحاڵە بیری لێ بکرێتەوە. لەبەر ئەوە بابەتەکەی خۆم لێرەدا سنووردار دەکەم و پێم وایە ئەم سنووردارکردنەش، بەبێ پەلهاویشتن بۆ زۆر شوێن، فێرکەرانە بێت: ئەو شێوازی فیمینیزمە بالّادەستەی ئەمڕۆ، کە لە ڕووی دامەزراوەییەوە ناوچەیەکی گەورەی دلّنیابەخسی بەدەست هێناوە و لەڕووی ئەخلاقیشەوە تەواو متمانەی بەخۆی پەیدا کردووە و دلّنیابووەتەوە، بە شوێنێک گەیشتووە پیاوان وەک کێشەیەکی ئەخلاقی دەبینێت و ئەو ڕەفتارەش شتێک وێران دەکات و لەناو دەبات کە کۆمەلّگەیەکی ئازاد ناتوانێت لەدەرەوەی ئەو شتە بژیت، واتا دیالۆگ، هونەر، هێنانەوەی ئەرگومێنت و توانای ئەوەی لە مەیدانی گشتیدا دان بەوەدا بنێیت هەلّەیت. ڕەخنەگرترن لەم مۆدێلەی فیمینیزم ئێجگار گرنگە، بەڵام پێش ئەوە دەبێت بگوترێت فیمینیزمی ئەمڕۆ وازی لە چ شتێکی بنەڕەتیی فیمینیزم هێناوە و بۆچی بە ئێرە گەیشتووە. بۆیە لەگەڵ ئەم پرسە دەڕۆمە پێشەوە.

ڕیچارد داڤید پرێشت، فەیلەسووفی هاوچەرخی ئەڵمانی، لە کتێبەکەیدا بەناوی ***ئیفلیجبوون بەهۆی ترسەوە: بۆچی ئازادیی بیروڕا دەکەوێت*** (٢٠٢٥) باس لە فیمینیزمی یەکسانی (*Gleichheitsfeminismus*) دەکات، کە لە دەیەی ١٩٧٠دا ئەرکی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە هەم میانەڕەو و هەم ڕادیکاڵ بێت لە داواکارییەکانیدا بە یەکجار: داواکاریی بۆ نەهێشتن و هەڵگرتنی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر مەزنتر بوو لە داواکاریی ئەمڕۆی فیمینیستەکان. ئەوکات فیمینیزم نەیدەگوت من بەبێ جێندەر لەدایک دەبم، کۆمەڵگە و بەها کولتوورییەکان دەمکەن بە کچ، بە کوڕ، بە ژن، بە پیاو. کەس ناتوانێت دژی ئەوە بێت لەڕووی بایۆلۆژییەوە بە ژن، بە پیاو، بە ڕەش، بە سپی، بە سوور، لەدایک ببێت. ئەم فیمینیزمە دەیگوت جیاوازی لە ڕەگەزی بایۆلۆژی، ڕەنگ، و ڕەفتاری مرۆییدا هەیە، بەڵام نابێت ئەم جیاوازییانە ببنە هۆی مامەڵەی نایەکسان لەگەڵ مرۆڤەکاندا.[1] ئەم فیمینیزمە لە ڕاستییدا سەر بە چەپ بوو. باوەڕی بە گەردوونگەراییەکی ئەخلاقی هەبوو، داوای کرێی یەکسانی بەرانبەر کاری یەکسان دەکرد، ڕەفتار و مامەڵەی یەکسان لە شوێنی کاردا و کۆتاییهێنان بە جیاکاری و هەڵاواردنی ڕەگەزی کە لەو ڕۆژگارەدا بابەتێکی ڕۆژانەیی بوو و داوای دەکرد کچانیش هەمان ئەو دەرفەتانەیان پێ بدرێت بە کوڕان دراوە. ئێمە لە

[1] بڕوانە:
Richard David Precht, *Angststillstand: Warum die Meinungsfreiheit schwindet*, Goldmann Verlag, München, 2025.

فەلسەفەی ئەمانوێل کانت-دا بەر ئەو ڕوانگە و بەها ئەخلاقییە دەکەوین دەڵێت بڕیاری ئەخلاقیی دەبێت سەربەخۆ بێت لە ڕووداوەکانی سروشت، ئەگەر سادەی بکەینەوە، واتا ڕووداوێکی سروشتی و بایۆلۆژی وەک لەدایکبوونی جێندەری: وەک کچ، وەک کوڕ، نابێت ببێتە هۆی مامەڵەی جیاوازیی ئەخلاقی لە ڕەفتاری مرۆییدا بەرانبەر بە جیاوازیی ڕەگەزی بایۆلۆژی و لە فەلسەفەی هێگل-یشدا ئێمە بەر ڕەهەندێکی دیکەی ئەم بابەتە دەکەوین: خود-وشیاری تەنها ئەو کاتە بوونی هەیە ئەگەر لەلایەن خود-وشیارییەکی دیکەی جیاوازەوە دانی پێدا بنرێت، واتا خواستی ئەوەی نیوەی مرۆڤایەتی (ژن) لەلایەن نیوەکەی دیکەوە (پیاو) بە فەرمی و یەکسان بناسرێت، ئەمەش خەبات لەپێناوی دانپیانان لەنێو توێژە جیاوازەکاندا دروست دەکات. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، جیاوازیی ڕەگەزی بایۆلۆژیی بەردەوام جیاوازیی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و کولتووری هێشتووەتەوە. و بڕێکیش لەو جیاوازییانە لە بەرژەوەندیی هەردوو ڕەگەزەکەدا بوون تا بتوانن زیاتر خەبات بۆ یەکسانی ببەنە پێشەوە.

لەم ڕووەوە دەتوانین باس لە یەکسانیی یاسایی بکەین، ئەو خەباتە دوور و درێژەی هەبووە، لە لیبراڵ دیموکراسییەکاندا ڕێگەیەکی دوور و درێژ و دەیان ساڵ بگرە، دوو بۆ سێ سەد ساڵ درێژەی کێشاوە تا ئەم فۆرمە چەسپاوە یاسایی و پاشان کولتوورییەی وەرگرتووە. هەم ڕەهەندی یاسایی و هەم ڕەهەندی کولتووری. با نموونەیەکی هاوچەرخ بهێنینەوە: ئەگەر لە ڕابردوودا ژنان ئەرکی ماڵەوەیان پێ سپێردرابێت، ئێستا ئەو ڕۆڵانە گۆڕانی بنچینەییان بەسەردا هاتووە؛ باوکان ئەمڕۆ دووجار زیاتر لە پەنجا ساڵی ڕابردوو ئەرکە خێزانییەکان ئەنجام دەدەن؛ درزی کرێ و مووچە لەنێوان ژنان و پیاوانی سەر بە هەمان ئاستی لێهاتوویی و شارەزایی، کە لە ئەڵمانیا سەدا شەشە، لە بریتانیا بە بەرژەوەندیی ژنان شکاوەتەوە؛ لە ئەمریکا ژنان یان هێندەی مێردەکانیان یاخود زیاتر مووچە وەردەگرن، لە کوردستان مووچەی ژنەکارمەندێکی زانکۆی سلێمانی هاوشێوەی مووچەی کوڕەکارمەندێکی هەمان زانکۆیە بە هەمان پلەی خوێندن و ساڵی دامەزراندن، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەهۆی هەندێک پێداویستیی سروشتی و بایۆلۆژیی جەستەییەوە، ژنان کەمتر لە پیاوان کار دەکەن. بەڵام هیچ یەکێک لەو شتانەش ئەو نادادپەروەرییانە لەناو نابات کە ئەمڕۆ ماونەتەوە و هیچ ڕۆشنبیر، تیۆریزەکار و بیرمەندێکی ڕاستگۆ نابێت بانگەشەیەکی وەها بکات. بەڵام کێشەیەکی دیکە لە کێوە دەست پێ دەکات؟

کچێک پێی گوترا: تۆ تایبەتتری

ئەو فیمینیزمەی ئەمڕۆ بااڵدەستە، جۆرێکی دیکەیە. لەو شوێنەی ***فیمینیزمی یەکسانیی*** دەیگوت ڕەگەزی بایۆلۆژی نابێت لە مامەڵەکردندا بابەتی سەرەکی بێت، ***فیمینیزمی جیاوازی*** (*Differenzfeminismus*) دەڵێت جیاوازیی بایۆلۆژویی بۆ ئەبەد گرنگە و

دەبێت بمێنێتەوە: تۆ گرنگ و تایبەتیت، چونکە تۆ ژنیت. فیمینیزمی کۆنی چەپ لە سەرووی هەموویەوە دەیویست نایەکسانییە ئابووریییەکان هەڵبگرێت و لێرەوە ڕێگە بۆ هەڵگرتنی نایەکسانییە سیاسی و کولتووریییەکانیش خۆش بکات؛ فیمینیزمی زۆرینەی نوێ سەر بەو شتەیە کە ئەندریاس ڕێکفیتز پێی دەڵێت ***سەرمایەداریی کولتووری***، ئابووریییەکی تاقانەییەکان تێیدا ڕەسەنایەتی، نمایش و پێرفۆرمانس و تاقانەبوون ئەو شت و مەیل و ئاراستانەن تێیاندا کەسێک بەها وەردەگرێت.[2] بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ڕەگەزی بایۆلۆژیی تایبەت بیت، دەبێت بتوانیت بەشێوەیەکی جیاواز و تایبەتیش نمایشی بکەیت، دەبێت خاوەن تاقانەیی و تایبەتبوونێک بیت کە لە خودی ڕەگەزە بایۆلۆژییەکەوە (ژنبوونەوە) دێت: ئەمانە نیشانە کلاسیکییەکانی نەزم و ڕێکخستن بوون کە پێشتر بە نیشانەکانی باوکسالاری و پیاوسالاری دەناسران و ئێستا فیمینیزمی نوێ وەریگرتوون و کردوونی بەهۆی خۆی. ئەمڕۆ جەنگە کۆنەکانی نێوان ڕەگەزە بایۆلۆژییەکان، بە خەسڵەتەکانیان وەک پیاو و وەک ژن، چیتر ئەمڕۆ کار ناکەن، ئەو یەکسانییەی فیمینیزمی یەکسانی داوای دەکرد، ئەمڕۆ چیتر کار ناکات و ڕۆڵ و بەهای نەماوە.

لەلایەکەوە پەڕینەوە لە فیمینیزمی یەکسانییەوە بۆ فیمینیزمی جیاوازی دەکرێت وەک پەڕینەوە لە سیاسەتی دووبارە دابەشکردنەوەی ئابووریییەوە بۆ سیاسەتی دانپیانان، لە بانگەواز بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئابووریی بۆ بانگەواز لەسەر خاوەندارێتی بازاڕ ببینرێت. دەتوانین ئەمەش بە بەتایبەتکردنی خەبات لەپێناوی دانپیاناندا ببینین. خەباتەکانی سەدەی نۆزدە و سەدەی بیست خەباتی چینەکان و گرووپەکان، کرێکاران، ژنان، هاوواڵاتییانی ڕەشپێست، بزووتنەوە جەماوەرییەکان بوون کە لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا بە توێژە کۆمەڵایەتی و جێندەرە نزمترەکان دەبینران؛ ئەمڕۆ دانپیانان وەک هەر کاڵایەکی دیکە، پێویستی بە بازاڕێکی تایبەت هەیە، بە دەرکەوتن، بە نمایش و پێرفۆرمانس و بە بوون بە شتێکی تایبەت و مۆرک و مارکەیەکی تایبەت هەیە. ئەو فیمینیزمەی ئەمڕۆ چووەتە ناو بازاڕی ئازادی نێولیبراڵەوە پێویستی بە مۆرکی جیاوازبوون هەیە، چونکە جیاوازیی ئەو شتەیە بازاڕ دەیکڕێت و دەتوانێت بە نرخێکی باشتر بیفرۆشێتەوە. نانسی فرەیزەری فەیلەسوفی فیمینیست زوو ناوی لەم ڕەوتە فیمینیستییە ناوە: نێولیبرالیزمی پێشکەوتووخواز، هاوپەیمانیی نێوان بزووتنەوە ڕزگارییخوازەکان، لەوانە فیمینیزم و دیارترین و بەرجەستەترین کەرتە هێمایی و دارایییەکانی سەرمایەدا، کە تێیاندا ئایدیالەکانی ڕزگاری دەبنە ئامرازەکانی کەڵەکەکردنێکی نوێی سەرمایە و سەرمایەی هێمایی.[3]

[2] بڕوانە:

Andreas Reckwitz, *Die Gesellschaft der Singularitäten: Zum Strukturwandel der Moderne*, Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 2017.

[3] بڕوانە:

Nancy Fraser, "From Progressive Neoliberalism to Trump—and Beyond," *American Affairs* 1, no. 4 (2017); Fraser, "From Redistribution to Recognition? Dilemmas of Justice in a 'Post-Socialist' Age," *New Left Review* I/212 (1995).

با ســـەرنجی ئەم نامۆییە لۆژیکییە بدەین کە بە لوتکەی خۆی گەیشـــتووە. ئەو گوتارەی جەخت لەسـەر هەڵوەشاندنەوە و بەدرۆخستنەوەی هەبوونی ڕەگەزی بایۆلۆژیی سێکسی دەکاتەوە و دەڵێت هیچ نییە جگە لە ڕۆنان یاخود ڕۆنراوێکی کۆمەڵایەتی، نەک بایۆلۆژی، واتا ژنبوون/پیاوبوون وەک بایۆلۆژیا بوونی نییە، تەنها وەک بەهای کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، ئەو ساتەی قسە لەسەر خەم و کەڵکەڵە و کێشەکانی ژنان، لەسەر ڕەهەندی ژنانەییی ژنان دەکات، ئەوا ڕاســـتەوخۆ تیۆرییەکەی خۆی ڕەت دەکاتەوە. نیشـــانەی ئایدیۆلۆژی بریتییە لە زێدەڕۆییکردنی یەکئاراســـتە و تاکلایەن لە شـــتێکدا کە بڕێک ڕاســـتیی تێدایە. زێدەڕۆییکردنی فیمینیزمی یەکســـانیی ئەوە بوو داوای هەڵگرتنی جیاوازییەکانی دەکرد و دەیگوت نابێت هیچ جیاوازییەک بمێنێت. زێدەڕۆییکردنی فیمینیزمی جیاوازی ئەوەیە جارێ جیاوازییەکان و جیاکارییەکان بدات و بە گرنگیان بزانێت، واتا لە لایەک بوەســـتیت و هەر لەو لایەشەوە خەڵات بکرێیت و ستایش بکرێیت و هەر لەم لایەنەش ببینرێیت.

یەکەم کچ لەلایەن پێشـــینە فیکرییەکانییەوە شـــتێکی ڕاســـتەوخۆ و ڕزگاریخوازانەی پێ دەگوترا: تۆ کەسێکی وەک هەر کەسێکی دیکە، کەسێکی بە هەمان بانگەواز و خواست و ڕەوایی لە جیهاندا. کچی دووەم شتێکی ناڕاستەوخۆ و جیاواز و وابەستەی پێ دەگوترێت: بەهای تۆ لەو جیاوازییە دایە کە دەبێت ئەوانیدیکە بە بەردەوامیی بیناسـن و دانی پێدابنێن. بەهای تۆ لەوەدا نییە کە لە مرۆڤبوونداهاوبەشـــیت، بەڵکوو لەوەدایە کە تۆ جیاوازیت و جیاوازییەکەشـــت لە ژنبوونتەوە دێت و ئەمەش خۆ بەخۆ لەوانیدیکە جیات دەکاتەوە و لە ڕووی ئەخلاقییەوە باشـترت دەکات. هەرکەسـێک پێی بڵێت تۆ تایبەتیل، ئەوا دەیەوێت دان بەو تایبەتبوونەیدا بنرێت و پشـتڕاسـت بکرێتەوە و ئەم پشـتڕاسـتکردنەوەیەش شـتێکە دەکرێت بفرۆشـــرێت، پۆلێن بکرێت، وێنەی بگیرێت و بپێورێت. فیمینیزمی جیاوازی کە بەندە لەســەر بازاڕی ســەرمایەداری، مارکێک لە ژن دەدات کە باشـتر و جیاوازتر نمایش بکرێت. بۆ ئەمەش دەبێت دانی پێدابنرێت. بەڵام ئەو فیمینیزمە کە ئازادیی لەم پرۆســـەیەدا دەبینێتەوە، هێشـــتا بەو ئەنجامە نەگەیشـــتووە کە ئەو ئازادییەی بەندە لەســـەر دانپیانانی ئەبەدی و هەمیشـــەیی، هێشـــتا لۆژیکی ســـەروەر و خزمەتکاری بەجێنەهێشـــتووە، تەنها کورسی و شوێنەکانی دانیشتنی خۆی گۆڕیوە.

چۆن نمایش دوژمنەکانی خۆی دەکرێت

هەڵوێســـتگەرا فەرەنســـییەکان، لە ســـەروویانەوە، گی دیبۆری نووســـەری کتێبی ***کۆمەڵگەی نمایش*** زاراوەیەکیان بۆ ئەو شـــتە هەیە ئەمڕۆ ڕوو دەدات. ئەوان پێشـــتر زاراوەکەیان داتاشـــیبوو، بەڵام هێشـــتا دیاردەکەیان بە تەواویی نەبینیبوو و پێیان دەگوت: گەڕاندنەوە و پێ بژاردنەوە، واتا نەزۆککردن و بێکاریگەرکردنی بیرۆکە و کەرەســـتەیەکی ڕادیکـاڵ لە ڕێگەی ئـاوێتەکردن و ئینتگرەکردنی لەنێو کولتووریکـدا کە پێشـــتر هەوڵی

دژایەتیکردنیت داوە.[4] دەوڵەتی فەڕەنسی سەردەمێک، لە سەروبەندی ١٩٦٨دا دونیایەک هۆکاری هەبوو بۆ ترسان لە بزووتنەوەی نێونەتەوەیی هەڵوێستگەرا و هەوڵی کۆنترۆڵکردن و بەتاوانناساندنی ئەندام و لایەنگرانی دەدا، ئێستا گی دیبۆری بە سامانی نیشتمانی ڕاگەیاندووە، ئەمڕۆ دەتوانیت لە هەمان شەقامەکانی پاریس و لەنێو هەمان دەوڵەتدا تیشێرتی هەڵوێستگەراکان، بە دروشمەکانیانەوە بکڕیت و بەرگی سمارتفۆنەکانت بە دیزاینەکانی ئەوان برازێنیتەوە. هەڕەشە دەبێتە سامان و گەنجینە و ژەهر دەبێتە براند و مارکە. ئەگەر بیری گی دیبۆر بەم چەشنە دابڕێژینەوە ئەوەیە سەرمایەداریی پێویستی بەوە نییە دژی ڕەخنەگرانی بوەستێتەوە و ڕەتیان بکاتەوە، چونکە دەتوانێت بە ئاسانیی بیانکڕێت. ئایدیا ڕادیکاڵەکە دەکڕێت، ئەو ڕەهەندەی لێ دادەماڵێت کە ئەو ئایدیایەی ترسناک کردووە و وەک وێنەیەک پاشان لە بازاڕدا دەیفرۆشێتەوە: بێ زیان، شایانی بەکاربردن، چێژبەخش و جوان بۆ لەبەرکردن.

نمایش لای دیبۆر بریتی نییە لە کەڵەکەکردن و تۆپەڵەیەکی وێنەکان، بەڵکوو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە لە ڕێگەی وێنەکان خۆیانەوە دەگوازرێتەوە، و ئەمەش خەڵک لە پراکتیکەکانی خۆیان جیا دەکاتەوە. لەم ڕووەوە گەڕاندنەوە و پێ بژاردنەوە ئەو کاتە ڕوو دەدات کە کاتێک بیرۆکەکان ناتوانن ببنە ڕاستی و واقیع و کاتێک زێدەتر خۆیان لەسەر بونیادە لەپێشتر دامەزراوەکاندا چڕتر دەکەنەوە. ئەگەر ئەمە بەسەر مێژووی فیمینیزم و مۆدێلەکانیدا پیادە بکەین، ئەم لێکچوونە بەتەواویی دەبینین. بزووتنەکەوە لە سەرەتادا پراکسیسێکی کۆمەڵایەتی/سیاسی بوو: هەڵمەتی یاسایی، مانگرتن، خەبات بۆ گرێبەستی کار و دابینکردن و حسابکردن بۆ کاری ماڵەوە، خەبات بۆ بڕیاردان لەسەر جەستەی ژن ئایا مافی ئەوەی هەیە منداڵی ببێت یان ڕەتی بکاتەوە. لە بەشی هەرە زۆری لیبراڵ دیموکراسییەکاندا ئەم دەستکەوتانە بەدەست هاتوون، تەنانەت لە هەندێک لە دیموکراسییە نالیبراڵییەکانیشدا وەک بەشێک لە ئەمریکای لاتین و ئاسیای ناوەڕاستدا. ئەم بزووتنەوەیە بریتییە لە وێنە و دەرکەوتن، یاخود ئەگەر بتوانین بڵێین بریتییە لە فیمینیزمی نمایش یان بە زمانێکی بەربڵاوتر بدوێین، بەتیکتۆککردنی فیمینیزم: نمایشکردن، پیشاندان، هێز و توانای دەرخستن، وشەی دروست، بەستنی دەستبەندی هاوپەیمانی. هەروەها میکانیزمی کارکردنی ڕۆژانەشی بەم جۆرەیە: کۆمپانیاکانی کاڵا سەرمایەدارییەکان بە ئارمی پەلکەزێڕینە ڕیکلام بۆ کاڵاکانیان دەکەن، لە هەر وێنەیەکی فۆتۆگرافیدا کە شوێنی کار دەربکەوێت، دەبێت فرەیی لە ڕەگەزە بایۆلۆژییەکاندا پیشان بدات، کەسی دامەزراو دەبێت دان بە فرەیی و جۆرایەتیدا بنێت، ئەمەش ڕێک هەمان فۆرمی مرۆیی نمایشە.

بە مانایەک لە ماناکان ئەمڕۆ ئێمە بەر فۆرمێکی نوێ و هەڵگەڕاوەی هاوتاسازی، یاخود هاوشێوەسازی (*Gleichschaltung*) دەکەوین لە هەموو مەیدان و بوارەکانی ژیاندا.

[4] Tom Bunyard, *Debord, Time and Spectacle: Hegelian Marxism and Situationist Theory*, Brill, Leiden, 2018, P. 2-3.

گلایشـشـالتونگ چەمکێکی نازییەکان بوو جۆرێک یەکپۆشـی لە بیرکردنەوەدا دەسـەپاندا: یەک فۆرمی پۆشـــین، بەکارهێنانی یەکجۆر زمان، یەکجۆر بیرکردنەوە، یەکجۆر خواردن، یەکجۆر ڕوانین، بەکـارهێنـانی ئەو ڕەنگـانەی نـاو فۆتۆگرافی و فیلم کە لەگەڵ نـازیزم دەگونجێن و پاشـــان یەکجۆر بیرکردنەوەی ســیاســی لە دەوری پرەنســیپی ڕابەر. ئەم گلایششالتونگ/هاوشێوەسازییەی بیرکردنەوە ڕەگوڕیشەیەکی کۆنتری هەیە و بیرمەندانی ســـەدەی نۆزدە ئـامـاژەیـان پێ کردووە کە نەک تەنهـا لەنێو دیکتـاتۆریـدا، بەڵکوو لە دیموکراسیشدا دەکرێت ڕوو بدات. جۆن ستوارت میل پێی دەڵێت «ستەمکاریی زۆرینە»، ئەلێکسـی دو تۆکڤیل پێی دەڵێت «ئاسـوودەیی لە دیموکراتیدا»، واتا دیکتاتۆری پێت دەڵێت بۆت نییە بیر بکەیتەوە، بەڵام دیموکراســـی پێت دەڵێت بیربکەرەوە، بەڵام دەریمەبڕە، هانا ئارنت بە یەکپۆشـــیی بیرکردنەوە و کۆتاییی ســـەردەمی ســیاســی ناوی دەبات، تیۆدۆر ئادۆرنۆ بە «بلیتی بیرکردنەوە» و هتد. گلایشـشـالتونگ بەم جۆرە هەم لە دیموکراسـی و هەم لە دیکتاتۆریشـــدا ڕوو دەدات. لە دیکتاتۆریدا حکومەت و پۆلیس دەیســـەپێنن، لە دیموکراســـیـدا زاڵبوونی کولتوور و مۆدێلێکی بیرکردنەوەی دیـاریکراو لەڕێگەی پەیوەندییەکان و میدیای گشـــتی، گوتاری گشـــتی و میدیای کۆمەڵایەتییەوە. ناوی ئەم ڕەوتەش ئەمڕۆ بریتییە لە وۆکیزم. دواتر زێدەتر باسی ئەم بابەتە دەکەین.

لە ٢٠٢١دا کۆمەڵەیەکی خاوەن ســەرمایەگوزاری و بزنســەکان وشــەی «وۆک»یان وەک وشەی بزنسی ساڵ هەڵبژارد.[5] هیچ یەکێک لەمانە پێویست ناکات گاڵتەڕجاڕانە بن. خودی پێکهاتە وادەکات گاڵتەجاڕیی شـــتێکی ڕووکەشـــی دەربکەوێت. نمایش دەڵێت تەنها ئەوەی دەردەکەوێت باشـــە و ئەوەی باشـــیش بێت، خۆبەخۆ دەردەکەوێت و ئەو ســیاســەتەشـی ئامانجی باڵای خۆی لەســـەر دەرکەوتە و نمایش دامەزراندووە، لەپێشـــەوە ئەو خاڵ و شـوێنە ڕادەسـت دەکات، کە ڕەنگبوو ترسـناک بێت. بەدوای سـیاسـەتی نمایشـدا، هەرکە جێگیر بوو، بەرژەوەندیی دامەزراوەییش دێتە ئاراوە: ئەو کاری جێندەرییەی لێرەوە دێت، خودی خۆی ڕووکەش و ناوبۆش دەکات، چونکە چیتر کەس پێویســـتی بە کورســـی، نووسینگە و کۆمسیۆنەکان نامێنێت، ئەگەر هیچ کێشـەیەک لەنێوان ڕەگەزە بایۆلۆژییەکاندا نەمێنێتەوە؛ لەبەرئەوە هەرکەسێک بیەوێت چارەسـەری کێشـەیەک بکات، دەکەوێتە بەردەم مەترسـیی ئەوەی بژێوی ژیانی ڕێک بەو هۆیە لەدەسـت بدات، بەوەدا کارەکەی بەباشـی ئەنجام دەدات و بۆیەشە دەبێت کێشەکان بمێننەوە، یاخود ئەگەر بە زمانێکی ڕەشۆکییانەتر بدوێین، دەبێت کێشـــە دروســـت بکرێن. پاســـکال بروکنەر، فەیلەســـووفی هاوچەرخی فەڕەنسیی ڕەهەندێکی دیکە بۆ سەر ئەم پرسە زیاد دەکات و باس لەوە دەکات چۆن ژان و ئازار دەبێتە پیشـە کە دەبێت نمایش بکرێت، لێرەوە لۆبیکردن بۆ ئازار ســەرهەڵدەدات و پاشان فۆرم و جۆرایەتییەکانی دیکەی ئازار و ژان دێنە ئاراوە و لە بازاڕی قەباڵە و پشکە

[5] بڕوانە:
Peter Köpf and Zana Ramadani, *WOKE: Wie eine moralisierende Minderheit unsere Demokratie bedroht*, Quadriga Verlag, Köln,, 2023.

هاوبەشـــەکاندا دەکەونە کێبڕکێ لەگەڵ یەکتری و هەرکەســـێک بیباتەوە، تاجی شـــەهید وەردەگرێت.[6]

پاسپۆرتی ئازار، بلیتی ژان

ئەگەر بزووتنەوەی گەڕاندنەوە و پێ بژاردنەوە ڕوونی بکاتەوە چۆن بزووتنەوەکە دەتوانێت لەگەڵ بازاڕ بگونجێت، ئەوا ئایدیۆلۆژیای قوربانییبوون بۆمان ڕوون دەکاتەوە چۆن ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ دەسەڵاتدا هەڵدەکات. هەردوو کۆمەڵناسیی هاوچەرخ برادلی کامپبێل و جەیسن مانینگ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەیەکی تازەیان خستووەتە بەردەستمان. دەڵێن کولتووەرە بەئەخلاقیکراوەکان دەکرێت بەو مەیل و ئاراستەیە جیا بکرێنەوە کە ئەوان شکۆ و شانازی پێ دەبەخشن: شانازی و شکۆ لە کولتووری جەنگی دووبەدوو، کەرامەت و شکۆ لە کولتووری یاسا و هاووڵاتییانی خۆ-بەڕێوەبەر، و ئێستاش، لە ژینگەی زانکۆی هـاوچەرخ و ژینگەی کولتووریی هـاوچەرخـدا، قوربـانییبوون دەبێتە «جۆرێـک پێگەی ئەخلاقیی کە پەنادەباتە بەر ئازار و ژان و پێداویســتیی هەســتەوەرییانەی بینران لەلایەن ئەوانیدیکەوە».[7] لە کولتووریکی وەهادا، پریقیلیجبوون/ســـەرتربوون/خاوەن ئیمتیازبوون وەک شـــتێکی شـــەرمەزارکەر دەبینرێت، وەکچۆن ترســنۆکی لە ڕابردوودا وەک شـــتێکی شـــەرمەزارکەر دەبینرا. بۆ نموونە ئەمڕۆ بە کەســێک بڵێیت «ئەو خاوەن ئیمتیازە» وەک ئەوەیە پێی بڵێیت ئەو ترســنۆکە: ئەمەش ڕێگەی شـــەرمەزارکردنی ئەوانەیە بەدووی بەها کولتووریی بااڵدەســـتەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگە ناکەون. دوو ســـروشـــت و خەســـڵەت و پێکهێنەری ئەم دیاردەیە زۆر بنچینەیین بیاننناســـین: کەســـی زوڵملێکراو، زۆرلێکراو یاخود مافخوراو نە کێشـەکەی لەگەڵ کەسـی هێرشـبەر و سـتەمکاردا چارەســەر دەکات وەک لە کولتووەرە شـــکۆ و شـــانازییەکانی پێشـــوودا باو بوو، نە لێشـــدەگەڕێت تێپەڕێت، وەک لە کولتووەرەکانی کەرامەتی یاســـاییدا باوە، بەڵکوو پەنا دەباتە بەر ســـێیەم لایەن، بۆ بواری گشتی، بۆ کۆمیتەکان، بەر ژینگەی لەپێشدا بەئەخلاقیکراو.

ئازار و ژان لە ڕابردوودا باری هاوبەشـــی قورســـی ڕەوشـــی مرۆیی بوو؛ ئەمڕۆ بووەتە پاســپۆرتێک دەتوانیت لە ڕێگەیەوە ئەوانیدیکە ســەرســام بکەیت، یاخود بیانتۆقێنیت، دەبێتە بلیتی بلۆککردنی ڕەخنە. ناســـنامەی قەرزکراو/ڕۆنراو دەڕازێنێتەوە، وا دەکات ئەوەی ئەو ناســـنامەیەی هەڵگرتووە وەک بوونێکی ئاوارتە و ســـەرووئاســـایی ســـەیر بکرێت و بە تێچوونێکی کەم گەورەترین ســەرنجی جەماوەریی لەســەر ســەکۆیەکی گشــتی بباتەوە و

[6] Pascal Bruckner, *The Tyranny of Guilt: An Essay on Western Masochism*, translated by Steven Rendall, Princeton University Press, Princeton, 2010, P. 141.

[7] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
Bradley Campbell and Jason Manning, *The Rise of Victimhood Culture: Microaggressions, Safe Spaces, and the New Culture Wars*, Palgrave Macmillan, Cham, 2018.

ئەمەش ئەرێنیانە دەیکاتە کەسێکی ڕاگەیەنەر، بڕیاردەر و نمایشچی. بۆ نموونە گەنجێکی ئەڵمانی لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا، دەتوانێت لە شەقامێکی قەرەباڵغدا، لەژێر ناوی پشتیوانیکردن لە فەڵەستین، گوریسێک لە خۆی بپێچێت، وەک زیندانیکراوی دەستی «زایۆنیزمی جیهانی» خۆی نمایش بکات و بە کەمترین تێچوون، ببێتە فیگەر و کارەکتەر و چالاکوانێکی بەربڵاو و ناسراو و بەناوبانگ و خەڵات دوای خەڵات بباتەوە. ئەم گەنجە بە قەرزکردنی ناسنامەی ئەویدیکەیەک کە هی خۆی نییە و بەرگی کولتوورێکی ئەخلاقی لەبەردەکات، خۆی بە قوربانی ناو دەبات، دەبێتە کاندیدای سەرووئاساییبوون؛ لێرەوە قوربانییبوون دەبێتە جۆرێکی هەڵاواردنی وەحشیگەرییانەی ئەرێنی، تێپەڕینێکی ئازادانە و خۆدزینەوە لەهەر سەرچاوە و ڕێوشوێنێکی یاسایی و سیاسی. خۆ-هەڵاواردنی ئەرێنی، واتا خۆجیاکردنەوە و خۆبەئاوارتەکردن دەبێتە وشەیەکی دروست و لێرەوەیە ئایدیۆلۆژیای برین و ژان، دەبێتە مۆڵەتی ئەنجامدانی هەموو جۆرە کارێک، بەڵام بەبێ ئەوەی ترست هەبێت لەوەی ڕووبەڕووی پێوەر و ئاکامە یاسایی و سیاسییەکان دەکرێیتەوە.

کەواتە ئەگەر بریندار بوون/ژانچەشتن پیرۆز بێت، ئەوا هەر کردەیەکی نمایشکردن و پیشاندانی لەژێر ناوی ئازار و برین و ژاندا، ئەوا خۆبەخۆ دەبێتە کردەیەکی پیرۆز و دروست. کامپبێل و مانینگ باس لەوە دەکەن چۆن ئەم پرۆسەیە لە حاڵەتی تۆمەتبارکردندا ئیش دەکات. لەو شوێنەی پێگەی قوربانی بەهای ئەخلاقی هەڵدەگرێت و پرۆسەی گەرەنتیی یاساییش لاواز بێت، ئەوا تۆمەتبارکردنەکان مامەڵەیەکی جیاوازتریان لەگەڵدا دەکرێت. ئەمەش ئەو شتەیە لە تیمەکانی وەڵامدانەوەی دەمارگرژییەکان و کەمپوسەکانی زانکۆدا ڕوو دەدات. دەگوترێت کەسێکی ناو گرووپی بەقوربانی ناسێنراو تۆمەتبارکراوە تەنها لەبەر ئەوەی کەسەکە سەر بەو گرووپەیە. واتا لێرەدا کردەوەکانی کەسەکە هەرچییەک بن لەژێر پەردەی گرووپێکدا دەشاردرێنەوە، ئەو گرووپەش پێشتر بە گرووپی سەر بە کاتیگۆریی قوربانی و کەمینە بینراوە: کۆچبەران، موسڵمانان، ژنان. هەرکەسێکیش گومان لەوە بکات ئەوا ڕاستەوخۆ دەخرێتە نێو گۆشەیەکەوە، بەردەم هەڵبژاردنێکەوە: یان دەبێت تۆبە بکات و لە مەیدانی گشتیدا داوای لێبوردن بکات یاخود دەبێت قبووڵی بکات ئەو لەبەرەی چەوسێنەرانە. بەڵام ڕێک بەپێچەوانەوە، ئەگەر کەسی تۆمەتبارکەر لەنێو ئەو گرووپەوە بێت، ئەوا بەبێ پشکنین و هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکی تۆمەتەکانی، ڕاستەوخۆ بە بەها و گرنگ و ڕاست دەبینرێن و کەسی تۆمەتبارکراو، بەهۆی ئەوەی سەر بە گروپی چەوسێنەرانە، مافی بەرگریکردن لەخۆی نامێنێت.[8]

[8] بڕوانە:
Campbell and Manning, *Rise of Victimhood Culture*, ch. 4, "False Accusations, Moral Panics, and the Manufacture of Victimhood.

بڵاوکردنەوەی گومـان و دڵەڕاوکێ کە بەشـــێکی هەم لەو کولتوورەوە دێت و هەمیش بەهێزتری دەکات، زۆر ترسناکتر لە ساویلکەیی و دڵسافی. ئەم دیاردەیەش ئابووریـیەکی ئەخلاقیمان پیشـان دەدات تێیدا ئازار و ژان دەبێتە مەیل و ڕەوت و ئاراستەیەک شـتەکان بتوێنێتەوە و هەر شـــتێکیش بتوێنێتەوە، فۆرم و شـــتێکی نوێی لێ بســـازێنێت. بۆ نموونە جۆرجیۆ ئاگامبێن دەتوانێت دیموکراسـییە هاوچەرخەکانی ئەمڕۆ بە خراپتر لە ئاوشـڤیتر و هۆلۆکۆســـت ببینێت، بۆ نموونە وەزیری دەرەوەی ڕووســـیا ســـیاســـەتی خۆرئاوا وەک چارەســـەرکردنی قڕکردن بخوێنێتەوە، بۆ نموونە شـــەهیدناســـی و شـــەهیدخوازی وەک مۆدێلێکی نوێی سیاسـەتی ڕادیکاڵ و ڕاستەقینە سـەیر بکرێت. ئەم هەڵاوسـانانەی زانین و فیکر ســـاڵانێکە لەنێو فیمینیزمیشـــدا دەبینرێن: فیلمی پۆرنۆگرافی وەک کەمپی قڕکردنی داخاو بەڵام لە ژووری سـێکسـکردندا دەخوێنرێتەوە، پۆرنۆگرافچی لە هیتلەر بە ترسـناکتر و خراپتر وێنا دەکرێت، بەئاساییهێشتنەوەی باوەڕی «تەنها دوو ڕەگەزی بایۆلۆژی، ژن و پیاو، هەن» وەک نیشـــانەی تاوان دژی مرۆڤایەتی، وەک جینۆســـایدی ڕەگەزەکانی دیکە دەبینرێت. دیموکراســـییە خۆرئاواییەکان وەک کەمپی قڕکردنی ژنان دەبینرێن، لە گوتاری ئاخیرزەمانییخوازیی فیمینیستیی جیاوازیدا، بەجۆرێک باس لە فێمیساید (قڕکردنی ڕەگەزی ژن) دەکرێت، وا دەردەکەوێت ڕۆژانە شـــەقامەکانی بەرلین، پاریس، لەندەن، ڤییەننا، ڕۆما، بوداپێست، پراگ، سوورن بە خوێنی ژنانی جینۆسایدکراو. لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ بەگوێرەی هەموو سـەرژمێری و ڕاپرسـی و ڕەفتارە سـیاسـی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، پیاوانی هـاوچەرخ زۆر نەرمتر، هێمنتر، کەمتر پیـاوانەیی دەردەکەون و زێـدەتر ئەو ڕۆڵانەیـان وەرگرتووە، کە لە ڕابردوودا بە ڕۆڵی ژنان دەناســـران و بەشـــێوەی فراوانیش بوونەتە هـاوســـۆزی بزووتنەوەی ژنـان، کەچی خودی پیـاوان، وەک کـاتیگۆرییەکی گشـــتی، بە ترسـناکتر لە سـەربازانی موسـۆلینی و هیتلەر وێنا دەکرێن. لەڕاسـتییدا پاسـپۆرتی ئازار و ژان بە فراوانی دەدرێت بەوانەی هەر لە سـەرەتاوە دونیایەک پاسـپۆرتی دیکەشـیان هەیە. چەندە زیاتر پیشـانی بدەیت بەدەسـت ژانەوە دەنالێنیت، هێندە زیاتر پاسـپۆرتەکەت بەهێز دەبێت. بەڵام ئەوانەی پاســـپۆرتیان نییە، هیچ جۆرە توانایەکی خۆبەیانکردنیان نییە، ئەوانە گوناهبارە سەرەکییەکانی مێژوون.

بەگوناهەوە لەدایکبوون

ئـایـدیۆلۆژیـای ژان و برین هـاوتـایەکی خۆی هەیە و ئەویش بریتییە لە ڕێبـاز و عەقیدەی گوناە. لە ژینگەی قوربانیبووندا کەســـانێک دەبێت لە بەرەکەی دیکە بوەســـتن و ئەمـانەش کەســـانێک نین جگە لەو ڕۆڵەی دەدرێتە پاڵیان: پیاو، بەتایبەت ئەگەر پیاوی ســـپیپێســـت بێت، جا بەتایبەتتر ئەگەر پیر و بەســـاڵاچووش بێت. بۆ نموونە ئەو گرووپەی فیمینیزمی جیاوازیی ئەمڕۆ کردوویەتی بە ئامانجەکانی هێرشـــەکەی بریتییە لە «پیاوی

سـپیپێسـتی بەسـاڵاچوو» و ئەمەش لەوەوە دێت هەر ڕەخنەیەک، هەر دەربڕینێک تەنانەت ئەگەر ڕاسـتەوخۆ دژ بەم جۆری فیمینیزمەش نەبێت، بە هەوڵی «پیاوی سـپیپێسـتی بەسـاڵاچوو» دادەنرێت بۆ دەرچوون لە ترس و دڵەڕاوکێی «لەناوچوون». ئەگەر تەنانەت یەکێک بۆچوونی خۆی لە پەیوەندیدا بە جەنگ، ململانێی ئیسـرائیل-فەڵەسـتین و هتدیش دەربببڕێت و لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای فیمینیزمی جیاوازییدا نەگونجێت، ئەوا وەک لێدوانی «پیاوی سـپیپێستی بەسـاڵاچوو» لەقەڵەم دەدرێت، با جارێ باسی ئەوە نەکەین کە ڕەخنە لە فیمینیزمەکە بگرێت، ئەوا ڕاسـتەوخۆ بە «پیاوی ژەهراوی» لەقەڵەم دەدرێت کە خاوەن «خەیاڵ و فەنتازیای قڕکردنی ژنانە». ئەم ئایدیۆلۆژیایە هێرش دەکاتە سـەر سـێ ڕەهەند و ڕەگەزی ناو مرۆڤ، کە سـروشـتین و هەڵبژێردراو نین: تەمەن (هەموو کەسـێک پیر دەبێت و دەچێتە سـاڵەوە)، ڕەنگی پێسـت و ڕەگەزی بایۆلۆژی (ئەمەش هەر هەڵبژاردەیی نییە و لەڕووی بایۆلۆژییەوە لەدایک دەبێت و چەندەش فیمینیزمی جیاوازی بڵێت ڕەگەزی بایۆلۆژی پێدراوێکی کۆمەڵایەتییە نەک بایۆلۆژی، ناتوانێت ئەو ڕاستییە بایۆلۆژییە بگۆڕێت کە منداڵێک یان وەک نێر لەدایک دەبێت یاخود وەک مێ، هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەوە دێن، نەک لەدایکبوونەکە). ئەمانە سـێ ڕەگەز و پێکهاتە و بنچینەی بایۆلۆژین کە تۆ نابێت بەهۆیانەوە سـەرزەنشـت بکرێیت و بەهاکانت بپێورێن، ئەمانە ڕێک ئەو جیاکاری و هەڵاواردنانەن کە فیمینیزمی جیاوازی گوایە ویسـتوویەتی جیاکارییەکان نەهێڵێت. لۆژیکی ناوەکیی ئەم ڕەوتە ئایدیۆلۆژییە فیمینیسـتییە بەم جۆرەیە: پیـاوی سـپیپێسـتی جیـارەگەزخواز (*heterosexual white man*) بە لەدایکبوون گوناهبارە، چونکە مەڵبەند و ناوچەی دەسـەڵاتی ئەو بەندە لەسـەر ڕاسـیزم، سـێکسـیزم، و کۆلۆنیالیزم و لۆژیکەکە دەڵێت ئەم قەرەبوو و کەفارەی ئەم گوناهەش تەنها بە تۆبەکردن و لەخۆدان و خۆکوتان و قامچی لەخۆدان دەدرێتەوە؛ بۆ نموونە لە ئەدەبیاتی ئەکادیمیدا دەربڕینی هاوسـۆزی یاخود هاوەردی لەگەڵ ئەم پیاوانەدا وەک جۆرێک لە نەخۆشـی دەبینرێت و ڕەچەڵەکناسـیی وشـەی هاوسـۆزی/هاودڵی (*sympathy*)یش دەسـتکاری دەکرێت. کەت مانەی فیمینسـتی ئوسـترالی لە کتێبە باوەکەیدا بەناوی ***داون گێرڵ: لۆژیکی دژەژنی***، هەموو هاوسـۆزییەک لەگەڵ ئەم جۆری پیاوە، یاخود ڕەخنەگرتن لە هێرش بۆ سـەر ئەم جۆری پیـاوە بە جوولەیەکی گۆڕینی زاراوەیی ئەنجـام دەدات، نەک «*Sympathy*» (هاودڵی و هاوسـۆزی)، بەڵکوو «himpathy»، واتا هەسـت و سـۆز و دەردەدڵی و پشتیوانی تەنها لە «ئەو» (*he*)، نەک لە «ئێمە» (*sym*).[9]

ئەمە گەڕانەوەی هەمان حیکایەتی کۆنی خواییە، حیکایەتی مەسـیحی: مرۆڤ بە گوناهی یەکەمەوە لەدایک دەبێت و هەموو ژیانی دەبێت کەفارەی گوناهەکانی بدات، بەڵام ئێسـتا بەشێکی مرۆڤایەتی لەم گوناهە دەرکراوە و تەنها بەشێکی زۆر زۆر کەمی مرۆڤایەتیی ئەو گوناهەی بەردەکەوێت: پیاوی سـپیپێسـتی بەسـاڵاچوو، کە بە نزیکەیی ١% بۆ ٢%ی کۆی

[9] Kate Manne, *Down Girl: The Logic of Misogyny*, Oxford University Press, Oxford, 2018, P. 196-205.

دانیشـــتووانی مرۆڤایەتی پێک دەهێنێت. دەبێت ئەوەی ئەمڕۆ لەدایک دەبێت چی بکات دەربارەی ئەو ڕاستییەی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا پیاوان ژنانیان چەوساندووەتەوە؟ هەر نەوەیەک ســـەرلەنوێ دەســـت پێ دەکات، لەژێر ڕێســـاکانی دادپەروەربوون دەچێتە پێشـــــەوە و بەرپرس نییە لەوەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە. تەنها ئەو کاتە بەرپرس دەبێت، ئەگەر بێت بڵێت ئەوەی دوو هەزار ســـــاڵ پێش ئێســـــتا ڕوویداوە و ژنان کۆیلەی پیاوان بوون، ڕاســـتە و دەبێت بیگەڕێنینەوە. بەڵام هیچ پیاوێک نییە بەڕاشـــکاوی ئەمە بڵێت، لانی کەم ئەو پیاوەی فیمینیزمی جیاوازی هێرشـــــی دەکاتە ســـــەر زۆر جیاوازە لەو پیاوەی فیمینیزمی جیـاوازی بێدەنگە بەرانبەری: پیـاوی ئیســـــلامی یـاخود کولتوورەکـانی دیکە. فیمینیزمی جیـاوازی هـاوکـات پێی وایە ڕەخنەگرتن لە پیـاوانی موســـــڵمـان یـاخود هی کولتوورەکانی دیکە لە ڕەفتاریاندا بەرانبەر بە ژنان، ڕاســـــیزمە و بەرهەمی ئایدیۆلۆژیای «پیاوی سپیپێستی بەسالاچووە».

فیمینیســـتەکان ســـەبارەت بە دادپەروەریی قەرەبووکردنەوە دەڵێت ئەو نادادپەروەرییانەی ژنان باســـی دەکەن ڕاســـتەقینەن، چونکە تەمەنیان هەزاران ســـاڵە، لەکاتێکدا ئەوانەی پیاوان ســـەبارەت بەخۆیان باســـی دەکەن ڕاســـتەقینە نین و تەنها دە ســـاڵ تەمەنیان دەبێت، لەبەر ئەوە باســـکردنیشـــی بەهایان نییە. لێرەدا چەمکی گوناە دەگوازرێتەوە بۆ ئەوانەش کە ســـێ هەزار ســـاڵ دوای تراژیدیای یۆنانی لەدایکبوون و گوناهیان بە میراتیی بردووە. لەبەرئەوە ئەم گوناهە دەگۆڕدرێت بۆ نەفرەتی بەمیراتبراو کە تایبەتە بە ماڵ و خانەی ئاتریۆســـــی میکێنی یۆنانی و هاوســـــەرگیری لەگەڵ ئایرۆپە دەکات و لە ئەنجامی ئەم هاوســـــەرگیرییەدا مێنێلاوس و ئاگامێنون لەدایک دەبن و جەنگی تروا و گەشـــتی ئۆدیســـە لێرەوە دەســـت پێ دەکات، تراژیدیایەکی پیاوانە، کە خێزانی ئاتریۆس لێی بەرپرســـــن و بۆ نەوەکانی دوای خۆیان گواســـتوویانەتەوە. پاســـکال بروکنەر باس لەوە دەکات کە هیچ شـــتێک لە بیرۆکەی گواســـــتنەوەی گوناهی کۆیی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بەئازار و بەفێڵتر نییە و ئەمڕۆ چیتر گواســـــتنەوەیەکی زگماکییانەی پێگەی قوربانیی نییە هێندەی پێگەی کەســـــی ئازاردەر و ئەشـــــکەنجەدەر هەیە.[10] لەم ڕووەوە، بروکنەر دەڵێت بیری قوربانیگەریی هیچ نییە جگە لە زیندووکردنەوەی «کاتیگۆریی کۆنی ئایینیی تووک و نەفرەت».[11]

گومان و ڕاڕایی ئەو شتەیە شوێنی کردە و جوولە وەک بنچینە و بناغەی گوناە دەگرێتەوە. لەم ڕووەوە ویستێکی گشتی لەم ئایدیۆلۆژییەدا سەرهەڵدەدات لێبوردەیی بۆ هیچ شتێک نییە لە دەرەوەی خۆی بێت، گوێ لە گفتوگۆ ناگرێت و بیروبۆچوون و هەڵوێســـتی جیاواز بە مەترســـی و بەشـداری لە چەوســاندنەوەدا دەبینێت و لێرەوە کردەی وێرانکردنی هەموو ئەو شتەی جیاوازە دێتە ئاراوە و ئەوەی بۆچوونی جیاوازی هەبێت، یاخود بەشداریی لەم فیستیڤاڵەدا نەکات بە چاوی گومانەوە سەیر دەکرێت کە ئامادەکاری بۆ بەشداریکردن لە

[10] Bruckner, *Tyranny of Guilt*, P. 99.
[11] Ibid, P. 141.

تاواندا دەکات و خۆبەخۆ گوناهباره. ڕووداوەکەی کۆلین فێرناندێز ئۆلمن لە ئەڵمانیا، کە لە خوارەوە باسی دەکەم، کەشێکی وەهای بەدوای خۆیدا هێنا. لە سۆسیال میدیا، خانمێکی ســـەر بەم ڕەوتی فیمینیزمە ڤیدیۆیەکی خۆی بڵاو کردبووەوە کە بەم جۆرێنە دەســـت پێ دەکات: «هەموو ئێوەی پیاوان دەمی بۆگەن و دەمی گڵاوی ســەگئاســاتان داخەن و چیتر گوو بە شـتەکاندا مەکەن، ئێوەی پیاوان هەمووتان بۆگەنن» و ئەو خانمە ئەو ڤیدیۆیەی بە نـامەیەکی تـایبەت بۆ من نـاردبوو بەم پەیـامەوە: «بەهیوام ئەم ڤیـدیۆیە لای خۆت بڵاو بکەیتەوە و بۆ خەڵکی دیکەشی بنێریت»، من هیچ کاردانەوەیەکم نەبوو، وەڵامی نامەکەشم نەدایەوە، دواتر نامەیەکی دیکەی نارد: «یان ڤیدیۆکە بڵاو بکەرەوە، یان تۆش حەز دەکەی وەک هەموو ئەو پیاوانە بیت کە باســـیان دەکەم». تەنها وەڵامم ئەمە بوو: «یەکەم من نووســـەر و لێکۆڵەرێکی بواری فەلســـەفە و ئینتێلکتوالیزمم، ئەمە زمان و نووســـین و بیرکردنەوەی من نییە و بەشـــداری لە پەرەدانی زیـاتر بە زمـانی بـازاڕی نـاکەم، چونکە ئەوەی تۆ ڕەخنە نییە، جۆێنفرۆشـــییە و دووەمیش، چـاوەڕوانی چیت لە پیـاوێک هەیە ڤیدیۆکەت بڵاو بکاتەوە، لە کاتێکدا لە ســـەرەتاوە هەموو پیاوانت جۆێنباران و بەنەفرەت کردووە؟» کورتەنامەیەکی نووسی، بەم جۆرە: «کەواتە ڤیدیۆکەم داویەتی لە دڵت!»

ئەمە حاڵەتێکی تـایبەت نییە، حاڵەتێکی ڕۆژانەی نـاو لیبراڵ دیموکراســـییەکانە، لە دۆخی ئاوارتەوە گۆڕاوە بۆ دۆخی باو. ئەم پێکهاتەیە تەواو بووە بە شـتێکی ئاشـنای گومانکردن لە هەموو پیاوان، بەوانەشـەوە کە بەرگریکاری سـەرسـەختی مافەکانی ژنانن. دیرک پێگلۆ، ســەرۆکی فیدراســیۆنی پشـکنەرانی تاوان لە ئەڵمانیا، لە بەرنامەیەکدا لەگەڵ دونیا هەیالی، ژنەئەســـتێرەی میدیای ئەڵمانی، لە هەیالی دەپرســـێت ژنان دەبێت چی بکەن بۆ ئەوەی خۆیان لە تۆندوتیژیی پیاوان بەدوور بگرن؟ هەیالی دەڵێت: پێویســـتە ژنان بەهیچ جۆرێک نەچنە ناو هیچ پەیوەندییەکەوە لەگەڵ پیاوان. ســـەرەتای ســـاڵی ٢٠٢٦دا کۆلین فێرناندێز ئولمن، ئەکتەری بواری کۆمیـدی و کۆنەهـاوســـەری کریســـتیـان ئولمنی ئەکتەر و بەرهەمهێنەر، هـاوژینەکەی بە «تۆندوتیژیی ســـێکســـیی دیجیتـاڵی» تۆمەتبـار دەکـات. چیرۆکەکە بەم جۆرەیە: کۆلین دەڵێت کۆنەهاوســـەرەکەی بە ناوی ئەوەوە پرۆفایلی فەیک و ساختەی دروست کردوون و وێنە و ڤیدیۆی سێکسی بۆ کەسـانی ناسـراو ناردوون کە بە ژیریی دەســتکرد لەســەر وێنەی جەســتەی ڕووتی ئەو دروســت کراون. پاشـان کۆلین دەربڕینەکانی ڕاســـت دەکاتەوە و دەڵێت: لە ڕاســـتیدا وێنە و ڤیدیۆکان ژیریی دەســـتکرد نەبوون، بەڵکوو هی ئەکتەرانی پۆرنۆگرافیی بوون کە ڕووخســـاریان وای نواندووە لەو بچن. دواتر جـارێکی دیکە دەڵێت تەنهـا کۆمەڵێک وێنە بوون و ئەو بۆچوونە لای بینەر دروست دەکەن کە گوایە ڕووخساریان لەو دەچێت. هەر چۆنێک بێت بابەتەکە هەم دەچێتە بەردەم دادگا و هەمیش دەبێتە مشـــتومڕی جەماوەری و میدیایی. هەموو ئەو تۆندوتیژییە دیجیتـاڵییانەی دژی کۆلین ئەنجام دراون، زیـانی گەورەی ڕۆحی و دەروونییان بە کۆلین

گەیاندووە و ئەمەش پشـــتڕاســـتی دەکاتەوە، کە فۆرمەکانی تۆندوتیژی دەگۆڕێن، بەڵام مەبەست و ئامانجەکان هەر زیانگەیاندنن.

کەیسەکەی کۆلین فێرناندێز دەبێتە جەماوەری، لە شارەکانی ئەڵمانیا خۆپیشاندان دەکرێن. بەدڵنیاییەوە پیاوانێکی ئێجگار زۆر دژی تۆندوتیژییەکە دەوەستنەوە و هاوسۆزی لەگەڵ کۆلین و هەزاران کەیسـی دیکەی هاوشـێوە دەردەبڕن. ڕێژەی ئەو پیاوانەی ئەمڕۆ دژی تۆندوتیژیی خێزانی، تۆندوتیژیی دژی ژنان و تۆندوتیژییە سێکسـوالییەکان دەوەستنەوە، بەتایبەت لە لیبراڵ دیموکراسییەکاندا، نەک بەراورد بەڕابردوو زۆر بەرزە، بەڵکوو بگرە بە ڕێژەیەکی وەها گەیشتووە ڕێژەی تۆندوتیژیی دژی ژنان، بەراورد بە دژایەتیکردنی پیاوان بەرانبەر بە تۆندوتیژی، لە پەنجەی دەست تێناپەڕێت. ئەمڕۆ پیاوان تەنانەت زیاتر لە ژنان ئەرکەکانی خێزان دەگرنە ئەسـتۆی خۆیان، واتا ئەو ئەرک و ڕۆڵانەی پێشـتر بە هی ژنان دەناسـران: بەخێوکردنی منداڵ، مااڵداری، و تەنانەت ئەرکەکانی سـووککردنی قورسـاییی دووگیانی. پیاوان ئەمڕۆ بەرانبەر زۆر هەسـت و سـۆز و عاتیفە و کاردانەوەکانی ژنانیش هۆشـیارتر بوونەتەوە. ئەمە نیشـانەیەکی ئەرێنیی زۆر گرنگە کە پرۆسـەی شـارسـتانێتی هێشـتاش بەردەوامە و دەکرێت بە شـوێنی زۆر باشـتر بگات. هەرچۆنێک بێت، لە یەکەم خۆپیشـاندانی گەورەدا وەک هاوپشـتیی لەگەڵ کۆلین لە شـاری هامبورگ بە ئامادەبیی کۆلین خۆی، ڕێژەی پیاوان زۆر زیاتر بوو لە ڕێژەی ژنان. پاشـان ژنێک لەسـەر سـەکۆکە داوا دەکات ژنان لەسـەر ئەژنۆکانیان دابنیشـن، پیاوانیش بەپێوە بوەسـتن، هەمان ئەو پیاوانەی هاتبوون دژی تۆندوتیژیی سـێکسـوالی و فۆرمەکانی دیکەی تۆندوتیژیی دژی ژنان، خۆپیشـاندان بکەن. کەسـەکەی سـەر سـەکۆکە بە مایکرۆفۆنەکەیەوە، بەدەنگی بەرز دەڵێت، «کێشەکە ڕێک ئەوانەن کە بەپێوە وەستاون». بەو مانایە خودی ئەو پیاوانەش هەر بەشـێکن لە کێشـەکە کە هاتوون تۆندوتیژی ڕەت بکەنەوە و هاوسـۆز بن بەرانبەر بە بزووتنەوە و خواسـت و داواکارییەکانی ژنان. ئیکیمیلی ژنەڕاپەڕی ئەڵمانی لە بەردەم جەماوەری دەیان هەزار کەسیدا لە ڕاپێکیدا ئەمساڵ دەڵێت: سەردەمی ئەوە هاتووە هەموو پیـاوان بتۆقێنرێن. لە بەرنـامەیەکی تەلەڤزیۆنی زی دی ئێفی ئەڵمـانییـدا، کە بەرنـامەی منداڵانە، هەموو پیاوان بە پیاوانی تۆپی پێ ناو دەبات کە سەرجەمیان خوێڕی و شـەلاتین، «ئێوەی پیاوان هەمووتان سـەرسـەری و شـەلاتی!» لە گۆرانییەکی دیکەی ڕاپدا بە سەرپەرشتیی باندی مۆسیقایی هیپ هۆپی ژنانی ئەڵمانی بە ناوی «*Fotzeigemutter*» هەردوو ڕاپەڕ، نینا و کات دەردەکەون کە نینا لە میزردەکەی دووگیان دەبێت و کاتێک هەمووان لە پۆلەکەدا، دوای لەدایکبوونی منداڵەکە بۆیان دەردەکەوێت کوڕە، بە ئاشـکرا دەڵێن مادام کوڕە بێ کەڵکە و با بکوژرێت و لە دیمەنێکی دیکەدا، میزردەکەی وەک سـەگ دەبەستێتەوە و دەڵێت «خواردنی سەگت پێ دەدەم» و قاپێک خواردنی سەگی بۆ دادەنێت. لە گۆرانییەکەدا ڕێک ئەو شـتە دەردەکەوێت کە سـەرەتا ناومان لێ نابوو: فیمینیزمی جیاوازی، تۆ یەکسان نیت، تۆ جیاوازیت چونکە ژنیت و ئەمەش باشترت دەکات لە پیاو.

ئەمە ئێستا ڕێک ئەو ڕادیکاڵیزمەی فیمینیزمی جیاوازییە. بۆچی ئەمەش لەم ساڵانەدا ڕوو دەدات؟ ئەمڕۆ ڕێژەی پیاوێتیی ژەهراوی ئێجگار ئێجگار کەمتر بووەتەوە بەراورد بە دەیەکانی ڕابردوو؛ ئەمڕۆ زۆر کەم بەری دەکەوین، لانیکەم لە لیبراڵ دیموکراسییەکاندا. بەڵام ئەوەی گۆڕاوە بریتییە لە چاوەڕوانی و لە متمانەبەخۆبوونی ژنان. لەبەرئەوەی ئەمڕۆ کۆمەڵگە چیتر لەلایەن پیاوانەوە کۆنترۆڵ نەکراوە وەک لە ڕابردوودا باو بوو، ئێستا ژنان تۆڵە لەو شتانە دەکەنەوە کە لەو شتەوە ماونەتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەها و باوبوون. ئەلێکسی دوتۆکڤیلی بیرمەندی فەڕەنسی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا باس لە کاریگەرییەک دەکات لە دیموکراسییەکاندا، کە زۆر سەرنجڕاکێشە: نالێبوردەیی بەرانبەر بە خراپە ئەو کاتە زیاتر گەشە دەکات، کە چیتر خراپە بوونی نەمابێت.[12] ئێڤا لاپیدۆ، زانای سیاسی کە هاوکات خۆی بە فێمینیست ناو دەبات، بە دەرەنجامێکی وەها دەگات بڵێت دیاریکردنی چارەنووسی ژنان لەلایەن خۆیانەوە هیچ کاتێک هێندەی ئەمڕۆ گەورە نەبووە و دەسەڵاتی پیاوانیش هیچ کاتێک هێندەی ئەمڕۆ دانەکشاوەتەوە، لەبەر ئەوە باسکردن و بەردەوام جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی «پیاوێتیی ژەهراوی» کێشە بنچینەییەکەیە، ئەمەش لە کاتێکدا لانی کەم پیاوی خۆرئاوایی کەمتر ژەهراوییە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، تێکدانی هەم خەمەکانی پیاوان و هەم پەیوەندیی هاوسەنگ و ئاساییی نێوان ژنان و پیاوانە. هەروەها دەڵێت ئەمڕۆ پیاوان سێ شتیان لەدەست داوە: خۆشگوزەرانی، بەتایبەت کاتێک پیشە و کارە پیشەسازییەکان ئاوا دەبن و کاری نووسینگەیی و دیجیتاڵی شوێنی دەگرێتەوە، کە تێیدا ژنان ئامادەیی زیاتریان لە پیاوان هەیە؛ کاری پارێزەری و بانگەشەکاری، بەتایبەت کاتێک ئێستا دادپەروەری لەڕووی کۆدەکانی یاساشەوە ڕوو و مەیلی بەلای کەمینەکاندا هەیە یاخود ئەوانەی لە ڕابردوودا بە کەمینە کراون، لەوانە ژنان؛ و پێگەی چەسپاو، بەتایبەت لە سەردەمی بزووتنەوەی «*MeToo*»ەوەوە پیاوان لەژێر گومانکاری و گومانلێکردن و تۆمەتبارکردنی گشتیدا دەژین.[13] ئەمەش بەوەدا کەمترین لێکۆڵینەوە و پشکنین بۆ ئەو تۆمەتبارکردنانە دەکرێت کە ژنان ئاراستەی پیاوانی دەکەن. بۆ نموونە شێتڤان گۆلدهار، ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانیا لەسەر پارتی سەوز، لەناکاو لەلایەن ئەکاونتێکی نادیارەوە تۆمەتبار کرا بەوەی سنووری ژنان، بەتایبەت یەکێک لە کچە هاوکارەکانی بەزاندووە و داوای لێکردووە بێتە ماڵەکەی. میدیای ئەڵمانی بە جۆرێک هێرشی کردە سەر شتێفان گۆلدهار، تا دەستیان پێ لەکارکێشایەوە و وازی لە کورسیی پەرلەمان هێنا، بەڵام کەیسەکەی بەبێدەنگی بردە بەردەم دادگە، دوای ماوەیەک ڕۆژنامەنووسانی پشکنەر دەرکەوتن، و بە لێکۆڵینەوە جددییەکانیان بەو شوێنە گەیشتن کە بابەتەکە هەمووی هەڵبەستراو بووە، چونکە کۆمەڵگەی وۆک بە ئاسانی دەڵێت: کاتێک

[12] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
Alexis de Tocqueville, *The Old Regime and the Revolution or The Old Regime and the French Revolution,* Harper & Brothers, New York, 2010.
[13] Eva Ladipo, *Not am Mann: Die Erfindung toxischer Männlichkeit*, Reclam Verlag, Stuttgart, 2026.

ژنێک قسەیەک بکات و پیاوێک تۆمەتبار بکات، پێویست بە لێکۆڵینەوە ناکات، چونکە پیاوان هەمیشــە ئامادەی تووندوتیژین و ژنان هەمیشــە لەســەر حەقن. کاتێک شــکۆ بۆ گۆلدهار گەڕایەوە، کە کار لە کار ترازابوو و هەموو پیشە و کاریەری لەدەست دابوو.

بەرگریکردن لە گوناهبارکردن

بـا لێرەدا هیچ بەدحاڵیبوونێک نەهێڵینەوە. ئەگەر کۆمەڵگەیەک بیەوێت دادپەروەر و یەکســـانیخواز بێت ئەوا دەبێت ڕەخنە لە پیاوێتیی ژەهراوی بگرێت و دەبێت بەبێ هیچ دووددڵییەک ئەم کارە بکات. ئەگەر نموونەی وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک ئەڵمانیا وەربگرین کە تێیـدا بەراورد بە زۆر وڵاتی دیکە، ژن گەورەترین ڕۆڵی وەرگرتووە و ئـازادی و یەکسانی بە ئاستی زۆر فراوان بەدی هاتووە، دەبینین هێشتا تووندوتیژی بەرانبەر بە ژنان، تووندوتیژیی خێزانی ماونەتەوە، بۆ نموونە تەنها لە ســاڵی ٢٠٢٤دا نزیکەی ١٣٠ ژن لەلایەن هاوژینەکانیانەوە کوژراون یاخود لەلایەن هاوژینی پێشـوویانەوە، و ئەم ڕێژەیە لە ئاسـتی جیهانیدا بەگوێرەی ســـیاقە کولتوورییەکان بەردەوام بەرزی و نزمی بەخۆیەوە دەبینێت. لەمەشـدا هەم مانەوەی پاشـماوەکانی پیاوەتیی ژەهراوی و هەم حکومەت بەرپرســن. بۆ نموونە لە فەڕەنســـا، لە زۆربەی حاڵەتەکانی تووندوتیژیدا، پێشـــتر قوربانی پەیوەندی بە پۆلیســەوە کردووە و باســی لە تووندوتیژیی خێزانی کردووە و لە زۆربەی حاڵەتەکانیشـدا حکومەت کەیسەکانی پشتگوێ خستووە. لە ڕووسیا، تووندوتیژیی خێزانی بە ئاستێک وەک تاوان نابینرێت، ئەمەش نیشانی دەدات چۆن دەکرێت دەستکەوتێک پاشەکشەی پێ بکرێت و ڕەوتی مێژوو بگەڕێنرێتەوە دواوە.

لەم ڕووەوە پیاوێتیی ژەهراوی هەستێکی بێ بنەمایە بەوەی شانازی و پێگەی باڵادەستی ئەو کەوتووەتە ژێر هەڕەشـەوە، هەسـتی بریندارببوون یەکسـان دەکرێت بە لاوازی و هەر بریندارببوونێک وەردەچەرخێتە ســەر جۆرێک لە هێرش و پەلامار. بەڵام ئەم حاڵەتە ئەمڕۆ وەک دەبینین ڕۆژ بەڕۆژ ڕەوتی پێچەوانەشـــی وەرگرتووە، بەپێی داتاکان خۆکوژی لەنێو پیاواندا لە لیبراڵ دیموکراســـییەکاندا ڕێژەیەکی بێ پێشـــینەی وەرگرتووە. ئەو پیاوانەی خۆیان دەکوژن پێشـــتر بەردەوام باســـیان لەوە کردووە کە چیتر توانای هەڵگرتنی باری هەســـتەوەرێتیی خۆیـانیـان نییە. بۆیە ڕەخنەگرتن لە پیـاوێتیی ژەهراوی، بەر لەوەی هاوسۆزی بێت لەگەڵ ژنان، هاوسۆزی و هاوپشتییە لەگەڵ پیاوان خۆشیان.

لێرەدا دەبێت جیـاکـاری لەنێوان ڕەخنە و تۆمەتبـارکردن/گونـاهبـارکردنـدا بکەین. ڕەخنە ئاماژە بە کردە و جووڵەیەک دەکات و دەڵێت ئەوەی ڕووی تێدەکەین و ڕەخنەی لێدەگرین دەتوانێت خۆی بگۆڕێت، بیر لە خۆی بکاتەوە و ئەمەشـی دەوێت، پێویسـتی بە هاودەمێکی گفتوگۆ هەیە بۆ ڕەخنە. بەڵام گوناهبارکردن/تۆمەتبارکردن ناوی بوونێک/کەسێک دەبات و

داوای گۆڕان و بیرکردنەوەی ڕەخنەییانە لە ڕەفتارەکانی ناکات، بەڵکوو داوای لێ دەکات تۆبە بکات. لەنێو خودی دەستەواژەی «پیاوێتیی ژەهراوی»دا خودی هاوەڵناوی «ژەهراوی» (*toxic*) هەموو قورسایی و بارەکە لەخۆیدا هەڵدەگرێت، و ئەم جۆرە لە هەڵگەڕاندنەوەی تۆندوتیژیی ئەخلاقی لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک زاراوە و دەستەواژەی بایۆلۆژی و کوشندە کۆمەڵگە لە ئامادەیی بۆ ڕەخنەوە دەگۆڕێت بۆ تاقیگەیەک تێیدا سەرقاڵ بیت بە بڕین و لەناوبردنی مادده ژەهراوییەکان. لەم ڕووەوە هێرشی ئەمڕۆی ژنانی سەر بە بەرەی باو و جەماوەریی فیمینیزمی جیاوازی بۆ سەر پیاوان و بەتایبەتیش بۆ سەر پیاوانی سپیپێستی بەسالاچوو (کە هەم بەهۆی تەمەنیانەوە کەمترین توانای کردەی تۆندوتیژی، لێدوانی تۆندوتیژییان هەیە و بەراورد بە پیاوانی کولتوورەکانی دیکەش، زۆر زیاتر دیموکراتیزە و بەشارستانیتر بوون) کەمتر دژی پیاوانە، بەڵکوو دژی ڕەگەزی بایۆلۆژیی ئەوانە و دەڵێت هەر شتێک وابەستە بێت بە ڕەگەزی بایۆلۆژیی «پیاوبوون» یەکسانە بە پیاوێتیی ژەهراوی، ئازایەتی بۆ خۆبەکوشتدان، ڕیسک و مەترسی و مانای شانازی کە ژنان وەک یەکێک لە فۆرمەکانی هێرش بۆسەر خۆیان دەبینن، بەڵام ئەگەر وردببینەوە، هەموو ئەم خەسڵەت و سروشتییانەی دەدرێنە پاڵ ئەم پیاوە، نەک لە تەمەنی پیریدا، نەک لە ڕەنگی پێستیدا، بەڵکوو زۆربەی کات لە تەمەنی لاویدا و بەگشتیش ئەمڕۆ لەنێو پیاوانی کولتووره نامۆدێرن و نادیموکراتیزەبووەکاندا سەرهەڵدەدەن. لێرەوەیە دەبینین لە فیمینیزمی جیاوازیدا سەرجەمی ڕەفتاری پیاو فۆرمێکی ئەخلاقی وەردەگرێت، واتا هەمیشەش بە نەرێنی سەیر دەکرێت.

باڵادەست و تۆبەکار

پیاوێکی لاوی سەدەی بیست و یەک ڕووبەڕووی دوو بژاردە دەکرێتەوە. لە بەرەی ئەوەی بە خۆی دەڵێت چەپی پێشکەوتووخواز ئەم بژاردەیەی دەخرێتە بەردەست: کێشەکانی تۆ ڕاستەقینە نین، تۆ دەبێت لێکۆڵینەوە لە ئیمتیازەکانت بکەیت، پیاوبوون ژەهراوییە و ئێستا کاتی ئەوەیە ئەوانیدیکە بدوێن و تۆ بێدەنگ بیت؛ لە بەرەی ڕاستڕەوی ڕادیکاڵەوە پێیدەگوترێت بردنی پیاوێتیی بۆ ئەوپەڕی پەڕگیرییەکان باشە، دەتکاتە باڵادەست، دەتکاتە پیاوێکی بەهێز، دەتکاتە کەسێک زیانت پێنەگات. ئەوەی ئەمڕۆش لەنێو ڕەوتی فیمینیزمی جیاوازی و چەپی ڕادیکاڵدا پێی دەگوترێت «هەرێمی پیاو» کۆی دیاردەی مرۆیی بۆ چوار شت کورت دەکاتەوە: پارە، دەسەڵات، لەشوڵاری وەرزشی و ڕقبوونەوە لە ژن. بەڵام هاوکات هەر ئەم ئایدیۆلۆژییە داوای مۆدێلێکی نوێی ژن دەکات: ژنی ماڵەوە وەک لایف ستایل، لەبەرئەوەی کاری کلاسیک: کاری پیشەسازی کە ئێستا بەرەو داکشانەوەش دەڕوا، بە دیاردەیەکی پیاوانەیی دەبینرێت، کەواتە پێچەوانەکەی دەبێت کاری ژنان بێت. هەموو ئەمانەش لە سەردەمێکدا دەگوترێن، کە وەک پێشتر باسمان کرد،

ئێستا پیاوان بە ئاستی فراوان زۆر گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و بەگشتیش ئەو ڕۆڵانەیان وەرگرتوون کە پێشتر وا دەبینرا ڕۆڵی ژنان بن: لە ئەڵمانیا نزیکەی ٤٠%ی ئەوانەی منداڵ بەخێو دەکەن، کارەکانی ئەنجام دەدەن، ئێستا پیاوانن، لە سەرەتای سەدەی بیستدا ئەم ڕێژەیە نەگەیشتبووە سەدا یەکیش. واتا ئێستا وردە وردە نزیک دەبینەوە لەوەی یەکسانییەکی ڕەها لە دابەشکردنی ڕۆڵەکاندا لەنێو هەردوو ڕەگەزەکەدا بێتە ئاراوە.

ئەمە لە ئاستی پەروەردەشدا ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەم ئایدیۆلۆژیا چەپی ڕادیکاڵ و فیمینیزمی جیاوازییە بەتەواوی فەرامۆش و پشتگوێی دەخات. کوڕان لە قوتابخانەکاندا بەراورد بە کچان زۆر زیاتر ڕووبەڕووی کێشە و ناڵین و ئازار دەبنەوە و بەدەست زۆر دیاردەی بایۆلۆژی و هاوکات ئایدیۆلۆژیشەوە دەناڵێنن. کوڕێک لە قوتابخانە ناچار دەکرێت دان بە مافی هاوڕەگەزخوازاندا بنێت، ئەگەر ئەم کارە نەکات، ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبێتەوە. لەڕووی تەلارسازی و دیزاینیشەوە ئێستا قوتابخانەکان بەجۆرێک بونیاد دەنرێن لەگەڵ ئاراستەی کچاندا بگونجێت، واتا ئەو دامەزراوەیەی جاران بۆ پیاوان بوو، ئێستا بە فراوانی بووەتە هی ژنان، ئەمەش لەم چل ساڵەی ڕابردوودا لەگەڵ زیاتر و زیاتر باڵادەستبوونی چەپی سۆسیال دیموکراتی و فیمینیزم لە ناوەندەکانی پەروەردەدا سەریهەڵداوە. دەکرێت بڵێین کێشەی بنچینەیی ئەم ئایدیۆلۆژییە بریتی نییە لە بیرکردنەوە لە یەکسانی، بەڵکوو لە گۆڕینی فۆرمەکانی باڵادەستی و تۆبەکاری، مادام پێشتر قوتابخانەکان بۆ کوڕان بوون، ئێستا دەبێت بۆ کچان بێت. هەر لەبەرئەوەشە ئێستا دوو لەسەر سێی ئەو قوتابیانەی لە تاقیکردنەوەکاندا دەکەون، کوڕانن. لە ساڵی ١٩٨٠دا لە ئەڵمانیا لە پێنج کوڕ تەنها یەک کوڕ لە تاقیکردنەوەکان دەکەوت؛ لە ساڵی ٢٠٢٠ ئێستا لە هەر دوو کوڕ، کوڕێک لە تاقیکردنەوەکان دەرناچێت. هەڵبەت زۆر هۆکار بۆ ئەمە هەن، جاران یەکێک لە پرەنسیپەکانی پەروردە بریتی بوو لە دیسپلین و تەنانەت ئاستی سزادانیش، بەهێزبوون، جێگیربوون، شکۆ و شانازی لەکاتی سەرکەوتندا، ئێستا ئەمانە هەموویان وەک نیشانە و سروشتەکانی «پیاوێتیی ژەهراوی» دەبینرێن، لە سیستەمی پەروەردە لادەبرێن و جۆرێک لە ئارەزوومەندێتی دێتە ئاراوە بۆ خوێندن، نەک ناچارکردن، زۆرلێکردن و دیسپلین و کۆنترۆڵکردن.

لەگەڵ زیاتر پێشچوونی ئەم ئایدیۆلۆژییەدا، ڕێژەی ژنان لە قوتابخانەکان زۆرتر دەبێت، لەنێو کولتووری سەرمایەداریی هاوچەرخیشدا، کە خواست لەسەر کاڵا کولتوورییەکان زۆرتر بووە، تا لەسەر کارە کلاسیکییەکان و نەریتە خوێندنە کۆنزەرقاتیڤە کۆنەکان لە پیشە ئەکادیمییەکاندا، بۆ نموونە یوتوبەرێک، ڤلۆگەرێک بەبێ هیچ زانیاری و مەعریفەیەک، زیاتر لە پرۆفیسۆرێک پەیدا دەکات، وای کردووە داهاتی ژنان ئەمڕۆ زۆر هەڵبکشێت و پیاوان زیاتر بێ کار ببن، فیمینیزم کاردانەوەی پیاوان وەک «پیاوێتیی ژەهراوی» دەخوێنێتەوە، نەک وەک قەیرانێکی چینایەتیی ناو سیستەمی سەرمایەداری. لە میترۆپۆلە گەورە و سەنتەرە خۆرئاواییەکاندا، ئێمە ڕۆژانە زۆر زیاتر بەر پیاوانی بێ ماڵ و حاڵ

دەکەوین تا ژن، لە هەر دە بێ مالْ و حالْێک، یەک دانەیان ژنە، جار هەیە، هەر دەیان پیاوە. کەواتە ئەوەی فیمینیزمی جیاوازی و چەپی ڕادیکالْ بە قەیرانی پیاوێتی ناوی دەبەن، لە بنەڕەتدا قەیرانێکی سیستەماتیک و چینایەتیی ناو کولتووری بەجێندەریکراوە و چەپی ڕادیکالْیش کە دەمێکە چینی کرێکاری بەجێهێشتووە و ئێستا پەنای بردووەتە بەر ئەو گرووپانەی پێشتر بە کەمینە دانرابوون: کۆچبەران، ژنان، موسڵمانان، بەشداریی زیاتر لە بەئەخلاقیکردنی ئەم گوتارەدا دەکات.

بەخاکسپاردنی دیالۆگ و هونەر و کولتوور

فەلسەفە، ڕۆشنبیری و بیری ڕەخنەیی لەو شوێنە دەست پێ دەکات کە کەسانێک دەڵێن، نا. نەریتی دیالۆگی پلاتۆنی ئەو شوێنەیە ئەم ڕەهەندەی تێدا بەدامەزراوەیی کراوە، ئەم نەریتە بە هەموو سەردەمەکاندا هاتووە و لە ڕۆشنگەری و عەقڵی ڕەخنەیی کانت-دا پێدەگات و لە ڕۆحی ڕەهای هێگل-دا دەگاتە لوتکە. کولتووری ڕەخنە بەگشتی دەبێتە کولتووری بالادەستی لانیکەم بەشێک لە شارستانێتیی مرۆڤایەتی، واتا شارستانێتیی مۆدێرنیتەی خۆرئاوایی. ئەو کولتوورەی نەتوانێت لەگەڵ بەرگەی ڕەخنە بگرێت، کولتووریکە بێ نەریتی فەلسەفی و کولتووریکە لەسەر بنەمای ناسنامەی قوربانی و برین و ژان دەژیت و بێ هۆش نییە ئایدیۆلۆژیای ناسنامە و پاسپۆرتی ئازار و ژان هەموو ناهاوڕابوون و ناکۆکییەک وەک هێرش و بریندارببوونی زیاتر لەقەڵەم دەدات. کولتووری قوربانییخوازیی جیاوازیی نێوان پەیڤ و تووندوتیژی ناڕوون دەکات و سنووردارکردنی بیری ڕەخنەییش دەبێتە ڕەوتێکی سەرتاپاگیر، چونکە لێدوانی ڕەخنەئامێز، نوکتە و گاڵتەوگەپ، کتێب و دەربڕینە هونەرییەکان و تیۆرییە زانستییەکان وەک هێرش دەبینرێن و ئەو کەسەش هەست دەکات بەو تیۆرییانە هێرشی کراوەتە سەر، داوا دەکات هێرشبەران بێدەنگ بکرێن، لە کارەکانیان دەربکرێن، دووربخرێنەوە و دووبارە بە چەمکە بالادەستەکانی ناو ئەو کولتووڕە پەروەردە بکرێنەوە، تا دەگاتە ئەو شوێنەی بەرپرسیارێتی و پابەندێتیی خودی ئەکادیمیا بەرانبەر بە ئازادیی ڕادەربڕین، تەواو سنووردار دەکرێت و ژینگەی ئەکادیمیا دەگۆڕێت بۆ مەڵبەندی چالاکوانی. ئەمڕۆ باس لە هەڵاوسانی چەمکەکانی توانای بریندارببوون و تووندوتیژی دەکرێت لە زانکۆکاندا و داوا دەکرێت پرۆفیسۆران خۆیان بەدوور بگرن لە دەربڕینی هەندێک بیروبۆچوون، کە ڕەنگە گرووپی کەمینەکان بریندار بکات، لەوانە ڕەخنە لە هەندێک پراکتیکی ئیسلامی، بە ترس و تۆقین لە ئیسلام (ئیسلامۆفۆبیا) وێنا دەکرێت، ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیای فیمینیستی بە دژە-ژنی دەخوێنرێتەوە و باسکردن لە هەندێک پراکتیکی گروپە کۆچبەرنشینەکان بە ڕاسیزم پێناسە دەکرێت و هەر ڕەخنەیەک بە هێرش بۆسەر ئەم گرووپانە دەبینرێت، کە دەبێت بەری پێ بگیرێت. کەم نین ئەو پرۆفیسۆرانەی لە ناوەندە ئەکادیمییە خۆرئاواییەکاندا کارەکانیان لەدەست

داوە، یاخود هۆڵەکانی خوێندنیان چۆڵ کراوە. ئێمە ئەمڕۆ بەر دیاردەی دانانی قەدەغە لەسەر بیری ڕەخنەیی دەکەوین.

ئێمە دەتوانین هەروەها باسی میکانیزمێکی ناوەوەی خودی بەکارهێنانی زمان بکەین. دەرکەوتە لە بەها و نۆرمەکان ئازاد بووە و جیابووەتەوە، هەر کەسێک دەیەوێت بەوجۆرە دەرکەوێت کە حەزی پێ دەکات، بەڵام بیرکردنەوە و زمان ئەمڕۆ جیاوازتر لە دەرکەوتە، تەواو کراونەتە شتی باو و بە ستاندارد کراون. بۆ نموونە قەدەغەیە باس لە «ستەمکاریی خۆرهەڵاتی» بکرێت و ڕاستەوخۆ وەک ڕەوایەتییدان بە کۆڵۆنیالیزم لێک دەدرێتەوە، تا دەگاتە ئەوەی تەنانەت ڕەوتێکی تروتسکیستی وەک مارکس٢١ لە ئەڵمانیا بە فەرمی لە ٢٠١٨دا کاتێک ئەردۆغان هێرش دەکاتە سەر عەفرین و دەردەکەوێت مزگەوتەکان لە ئەڵمانیا پارەیان بۆ سوپای تورکیا کۆ کردووەتەوە، ئەو ڕێکخراوە بڵێت با لە ڕەخنە و ئیدانەکردنەکاندا ناوی ئەردۆغان نەهێنرێت، بەوەدا دەبێتە هۆی بریندارکردنی هەستی موسڵمانانی ئەڵمانیا. چەپی نوێ زمانێکی وریاییانە بەرهەم دەهێنێت، کە هەموو ئەوانە دەخاتە دەرەوە بە وریاییەوە، بەپێی ئەو نۆرم و بەهایانە زمان بەکار نەهێنن. ئێستا ئەو چەپە وازی لە ئایدیا و بیرۆکەی شۆڕشی جیهانی هێناوە و پەنای بردووەتە بەر «شۆڕش لە خۆدا» و لەبری مارکس، پەنای بردووەتە بەر میشێل فوکۆ و بەکارهێنانی زمانی کلاسیک و نا-جێندەری، وەک فۆرمێکی دەزگا و ئەپارەتووسی دەسەڵاتخوازی و کۆنترۆڵکردنی کەمینەکان دەبینێت. ئەمە ئێستا بووەتە فۆرمێکی زانینناسیی فیمینیستیش. لە ئایدیۆلۆژیای ناسنامەی گرووپە کەمینە و قوربانییەکاندا تەنها ئەوانە بۆیان هەیە قسە بکەن و لە ئازار بدوێن، کە ئازاریان چەشتووە و فیمینیزم دەڵێت تەنها ژن بۆی هەیە دەربارەی پرسەکانی ژنان بدوێت، بەڵام هاوکات چەمک و دەستەواژەی «هەمیشە پیاوان تۆندوتیژن» دەگشتێنێت و لەسەر پاڵنەرەکانی تۆندوتیژی دەدوێت، چونکە پێی وایە پیاوان کاتێک باسی حەقیقەت بکەن، لە پێگەی خاوەن ئیمتیازبوونیانەوە ئەمە دەڵێن، نەک لە خۆشەویستییان بۆ حەقیقەت. لێرەوە ڕەخنە لە فیمینیزم دەبێتە کۆنەپارێزی و دژە-ژنی، بەڵام ڕەخنە لە پیاوان دەبێتە ڕزگارییخوازی.

فەلسەفە لە ڕاستیدا ناتوانێت لەژێر ئەو حوکمەدا بژیت و دەرەنجامی ئەم باڵادەستییەش بەم جۆرەیە: چیتر هیچ کەسێک نە مافی هەیە و نە جورئەتیش دەکات پێچەوانەی فیمینیزمی ڕادیکاڵ بدوێت و هەر پیاوێک ئەم کارە بکات ڕووبەڕووی شەپۆلێکی ناوزڕاندن دەبێتەوە و هیچ کەسیش لە کۆمەڵگەدا نە هاوسۆزی بۆ دەبێت و نە دەشیەوێت بەرگری لە پیاوێکی وا بکات جورئەتی کردووە ڕەخنە بگرێت و بە ئەگەری زۆریشەوە لە کارەکەی دەردەکرێت. وەک پێشتر باسمان کرد، هەر لەبەر ئەوەیە سیستەمێک، کولتوور و هەژموونێکی هاوتاسازی و وەک یەکلێکردن سەریهەڵداوە، کە ئەمجارە لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆرەوە نایەت، چاوەڕوانی ئەوە بیت دوای ڕەخنە پۆلیس لەبەردەرگە ئامادە بێت و قۆڵبەستت بکات، بەڵکوو هەژموونێکی کولتووریی گرامشییانە باڵادەست بووە، بۆ ئەوەی

ناوت نەزرێت و ڕووبەڕووی شەپۆلی ئیهانەکردن و لەدەستدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەگەری لەدەستدانی کارەکەت نەبێتەوە، ناچاریت بە پرۆسەی خۆ-سانسۆرکردندا بڕۆیت.

ئەم ڕەوتە ڕادیکاڵە فیمینیستییە هاوکات هێرش بۆ سەر زۆر شوێنی دیکە دەبات، نەک تەنها هەوڵی گۆڕینی ڕەوتی باوی زمانی ئاسایی دەدات، بۆ نموونە لە زمانی ئەڵمانییدا جاران ئەگەر بتنووسیایە **خوێندکاران** بە فۆرمی کۆ دەتنووسی «*Die Studenten*»، ئێستا دەبێت کۆمەڵێک ئەستێرە و نیشانەی دوو خاڵ زیاد بکەیت و فۆرمی کۆکردنەوەکەش بگۆڕیت، «Student*innen oder Student:innen» و ئەمەش بەپێی زۆرێک لە زمانەوانان نەک تەنها دەستکاریی ئێستاتیکای زمان دەکات، بەڵکوو لەڕووی گۆکردن و فۆنەتیکیشەوە دونیایەک کێشە بۆ ڕیتمی دەربڕین دروست دەکات و لە کاتێکدا فۆرمی کۆکراوەی پێشووو هیچ ئاماژەیەکی جیاکاری و هەڵاواردنی جێندەری تێدا نەبووە، بەڵام فیمینیزمی نوێ دەڵێت لە زمانی کۆندا هەمووان هەستناکەن حسابیان بۆ کراوە، بۆیە دەبێت بۆ ئەم فۆرمە بگۆڕدرێت و ئەمەش بەسەر هەموو وشەکانی دیکەی ناو ئەو زمانەدا پیادە دەکرێت و ئەگەر تۆ وەک نووسەر ئەم ڕێسایە پەیڕەو نەکەیت، بە ئەگەری زۆر گەورەوە نە وتارت بۆ بڵاو دەکرێتەوە، نە کتێبت بۆ چاپ دەکرێت، ئێستا ئەو هێرشە بۆ سەر ڕابردووی هونەر و کولتووریش ڕوو دەدات، واتا دووبارە داڕشتنەوە و ڕەتکردنەوە و بەهاپێدانی هونەری ڕابردوو، لە گۆشەنیگای ئەمڕۆی ئەم فیمینیزمەوە.

ئەمڕۆ هێرشێکی سەرتاپاگیر بۆسەر بەرهەمە کولتووری و هونەرییەکان دەبینین. بۆ نموونە پاسکال بروکنەری فەیلەسوفی فەڕەنسی لە کتێبەکەیدا بەناوی ***من ئازار دەچێژم کەواتە هەم: وێنەی قوربانی وەک پاڵەوان***، لیستێکی ئەم هێرشانە و نیشانەکانیانیمان بۆ دەستنیشان دەکات: حیکایەتی بەرئاگردان (*fairy tale*) ئەمڕۆ وەک «قوتابخانەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ژنان» دەبینرێت، چونکە بەوەدا شازادەیەک ماچی کچێکی خەوتوو دەکات بێ ئەوەی پرسی پێبکات؛ ***خانمانی گرانبەهای گاڵتەجاڕی*** مۆلێر (١٦٥٩) و کارەکتەری مەدام ڤێردورینی ناو ڕۆمانی ***گەڕان بەدوای کاتی لەدەستچوودای*** مارسێل پروست وەک نموونەگەلی دژە-ژنیی بێشەرم و ناشرین دەخوێنرێنەوە و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیان بایکۆت دەکرێن و لە لیستی وانە زانکۆییەکان دەردەهێنرێن و مۆلێر چیتر ناخرێتە سەر سەکۆی شانۆ؛ پیکاسۆ بە هارڤی واینستینی سەردەمی خۆی ناو دەبرێت؛ ستایشکردنی ژنێک بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان بەرهەمی ژنێک وەک بێڕێزی و بەزاندنی سنووری ژنان دەبینرێت، لە یادکردنەوەی میلان کۆندێرادا وەک سێکسیست و دژە-ژن دەبینرێت، بەوەدا کارەکتەرە مێینەکانی ناو ڕۆمانەکانی لاواز یاخود گاڵتەجاڕن و ئەمەش دەبێتە چەک بۆ هێرشێکی سەرتاپاگیر بۆ سەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی، لەکاتێکدا ئەو

ڕاستییە بە سانایی پشتگوێ دەخەن کە کارەکتەرە نێرینەکانیشی بەهەمان شێوە لاواز و گاڵتەجاڕن.[14]

ئەوەی لەدەستدەچێت و نامێنێت بریتییە لە پرەنسیپی خودی خەیاڵی ئەدەبی. خودی خەیاڵ و وێناکردنیش بە دیاردەیەکی پیاوانەیی دەبینرێت. بەڵام لە بنەڕەتدا هەرێمی هونەر بریتییە لەو شوێنەی تێیدا دەکرێت فیگەر و کارەکتەرەکان گاڵتەجاڕبن، حەزلێکراو و تاسەکراو بن، نادادپەروەرانە وێنا بکرێن و کەچی هێشتا شەیداکەر و سەرسامکەریش بن. دۆن کیخۆت گاڵتەجاڕییەکی سەرتاپاگیرە بە هونەر و ژیانی سوارچاکی، لە کاتێکدا ئەدەبیاتی پێش سێرڤانتێس سوارچاکی بەشێوەیەکی دیکە وێناکردبوو، ئێما بۆڤاریی گوستاڤ فلوبێر هاوژینێکی نموونەیی نییە؛ ئەم بەرهەمانە بەوجۆرەن و هەر ئەمەشە وامان لێدەکات هێشتا شەیدایان بین و بیانخوێنینەوە. داڕشتنی وێنەیەکی نموونەیی و ئایدیال بۆ کارەکتەرە ئەدەبییەکان، چیتر بەرهەمی ئەدەبیی نییە، بەڵکوو نووسینەوەی ژیانی قەدیسان و پەسننامەیە و ئەو کولتوورەی دەڵێت هەر کارەکتەرێکی ئەدەبیی پێش دروستبوونی دەبێت سەیری بەها باوەکانی ئەو سەردەمە بکات و لەڕووی ئەخلاقییەوە بپشکنرێت ئایا ئازاری هەست و سۆزی گرووپە کەمینەکان نادات، چیتر کولتووری داهێنان نییە، لە بری ڕۆمان، کۆمەڵێک قەشە و ژیانی پەیامبەرانت پێشکەش دەکات. یاخود ئیلیادە و ئۆدیسەی هۆمیرۆس کە نزیکەی ٨٠٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسای کوڕی مەریەم گوتراون و زارەکییانە گواستراونەتەوە، تا نووسراونەتەوە، ئەمڕۆ وەک دەقی دژە-ژن و ڕاسیستیی دەبینرێن، بێ هۆش نییە، فیلمی ***ئۆدیسەی*** کریستۆفەر نۆلان، سەرەڕای هەموو جوانییەکانی، ناچار دەبێت لەژێر ئەم ژینگەیەی ئایدیۆلۆژیای بالادەستدا فیگەرەکان بگۆڕێت و بەپێی پێوەرە ئایدیۆلۆژی و ئیستاتیکاییە هاوچەرخان بچێتە پێشەوە، ئەگینا بە سەرتاپاگیری بایکۆت دەکرێت، هێلینای تروایی دەبێت ژنێکی ڕەشپێست بێت، هێرکولیس دەبێت ڕەچەڵکی بگەڕێتەوە سەر هیندییەکان، کارەکتەری ژنان نابێت ئیستاتیکی پیشان بدرێن و جوان بن، چونکە بەئیستاتیکاییکردنی ژنان لە سەرەتاوە هەوڵی پیاوانی سێکسیستە بۆ خەیاڵکردن بەرانبەر بە ژنان. ئەم ڕەوتە ئایدیۆلۆژییە نازانێت لە بنەڕەتدا خەریکی پێدانی وێنە و پاسپۆرتی قوربانییە بە سەرجەمی ژنان و ئەمەش هیچ نییە جگە لە بەخشینی خەسڵەت و سروشتی منداڵانە و گەشەنەکردوو بە ژنان و خۆبەخۆ دەرکردنی ژنان لە واقیعی مرۆیی و بەشێکی دیار و باڵادەستی ناو فیمینیزمی نوێش پێناچێت زۆر گرنگی بە ڕزگاریی ژنان بدات، هێندەی هەوڵی هەوڵی چاندنی ئەم بیرۆکانە لە میشکیاندا دەدات. فیمینیزمی نوێ پێویستی بە ژنانی تێکشکاوە تا بتوانێت ئاراستەیان بکات. لەگەڵ خۆیدا سەرلێشێوان بۆ پیاوانیش دەهێنێت، تا کەشتییەکە پێکەوە نقووم دەبێت.

[14] Pascal Bruckner, *Die Gesellschaft der Opfer: Porträt des Erniedrigten als Held*, aus dem Französischen übersetzt von Christoph Hesse, Tiamat Edition, Berlin, 2024, S. 135-165.

ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، بەپۆلیسییکردن و بەدادگەییکردنی دیالۆگە. ئەوەی دەردەکەوێت پیرۆزکردنی برین و ژانە، ئەو کولتوورەش ژان و برین پیرۆز بکات، لە سەرەتاوە بڕیار دەدات ڕێگە لە چارەسەرکردن و ساڕێژکردن بگرێت.

دوای دادگایی

ئەو فیمینیزمەی وەفای بۆ میژووی خۆی هەبێت، چی دەکات؟ سەرەتا ئەو گەردوونگەراییە ساڕێژ دەکاتەوە کە خاڵی بەهێزی ئەو بوو. بەهای کەسێک بەند نییە لەسەر ئەو خەسڵەتەی لەگەڵی لەدایک دەبێت و خۆی لێی بەرپرس نییە و ئەمەش چەندە بۆ پیاوان ڕاستە هێندەش بۆ ژنان ڕاستە. ئەم فیمینیزمە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ڕەهەندی ئابووری و بۆ کرێ و بۆ کاری بێ کرێ کە هێشتا لێرە و لەوێ و لە بەشێکی گەورەی دونیا، ژنانی گیرۆدە کردووە، بۆ ڕێکخستنی ماڵ و داڕشتنەوەی بەشێوەی یەکسان و بۆ بازاڕی کار، بۆ ئەو کێشە و گرفتانەی نابێت بکرێنە بابەتی فۆتۆگرافی و نمایش، بەڵکوو ببنە هۆی سەرهەڵدانی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنیان. دەبێت پیاوێتیی ژەهراوی وەک پراکتیکێکی بەرجەستە بە کۆمەڵێک هۆکاری بەرجەستەوە ببینێت و نەک ئەوەی نیوەی مرۆڤایەتی بەوە تۆمەتبار و بێدەنگ بکات، دەبێت باس لەوە بکات لە دادگە دەرفەت بۆ شکاتکەر و شکاتلێکراو/تۆمەتبار بەیەکسان هەبێت، پۆلیس ناچاربکرێت وەڵامی هۆشداریەکان بداتەوە و زوو کاردانەوەی هەبێت و قوتابخانەکان چیتر کوڕان نەبوغزێنن، پیاوان وەک هاوبەشانی ژنان، نەک وەک دوژمنانی ژنان سەیر بکرێن، لە هەموو شتەکاندا، لە ئەرک و لە مافەکاندا. دەبێت دەستبەرداری هەڕەمی قوربانییەکان بێت، چونکە ئەم پیرۆزکردنەی قوربانی و شوێنگرتنەوەی قوربانیی سەرەکی، وا دەکات ئەوانەی قوربانیی ڕاستەقینەن، بەڵام دەرفەتی دەرکەوتنیان نییە پشتگوێ بخرێن.

ئەم فیمینیزمە نوێیە بە هەوڵە هەڵبژاردەییەکەیەوە، خیانەت لەو گەردوونگەراییەی ڕزگاریی ژنان دەکات کە فیمینیزمی پێشوو تێیدا دەژیا و خەباتی دەکرد. فیمینیزمی نوێ بەردەوام باس لە توندوتیژیی پیاوان دژی ژنان دەکات، بەڵام وەک پێشتر باسمان کرد، پیاوانی سپیپێستی بەسالاچوو، کە کەمترین توندوتیژییان تێدا ماوە، کەچی کە دێتە سەر باسی ناوی گرووپە کەمینەکانی وەک پیاوانی کۆچبەر، ئەم فیمینیزمە بێدەنگ دەبێت، ئەم فیمینیزمە نوێیە هەوڵی سەرنجڕاکێشانی کچێکیش لەلایەن کوڕێکەوە، وەک هەنگاوی یەکەمی ژنکوژی دەخوێنێتەوە، بەوەدا دەڵێت سەرەتا هەوڵی ڕازیکردن دەدات، پاشان دەیکات بە خۆشەویست، دواتر دەستدرێژیی سێکسی دەکاتە سەر (مەبەستیش لە دەستدرێژیی سێکسیی ئەوەیە کە پەیوەندیی سێکسوالیی نێوانیان ئازادانە نەبووە بەڵکوو بەهۆی هەوڵی پیاوەکەوە بووە بۆ بەخۆشەویستکردنی کچەکە و بەکارهێنانی فێڵ و تەڵەکە) و دوای دەستدرێژیی سێکسیش بە ئەگەری زۆرەوە ژنەکە دەکوژێت، کەچی چەند

مانگێک پێش ئێستا کچێکی کورد لە یانەیەکی لاوان لەلایەن نۆ پیاوی عەرەبەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەر، بەڵام ڕاوێژکاری شارەوانیی بەرلین بۆ کاروباری ژنان، سارا ناگل، سەر بە پارتی چەپ و یەکێک لە فیگەرە دیارەکانی ناو ئەم فیمینیزمە نوێیە، کەیسەکە دیزەبەدەرخۆنە دەکات و دەیشارێتەوە، بەوەدا نەکا ڕاستڕەوەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە بەرانبەر عەرەب و موسڵمانان بوروژێنێت، بەڵام ناردنی چەند وێنەیەکی پۆرنۆگرافیی کە لە کۆلین فێرناندێز دەچن و فێرناندێز دەڵێت مێردە کۆنەکەی ئەم کارەی کردووە، کە هێشتاش بە تەواوی لە دادگە یەکلایی نەبووەتەوە، هەموو شەقامی ئەڵمانیا و ئەوروپا دوروژێنێت، بە خودی سارا ناگل خۆشییەوە، کە بەرانبەر دەستدرێژیی سێکسیی نۆ پیاوی عەرەب بەرانبەر بە کچێکی کورد بێدەنگە و کەیسەکەش دەشارێتەوە و خۆشبەختانە ئێستا ئەمەش گەیشتووەتە دادگە، بەڵام نادادپەروەرییەکە ئەوەیە ئەم فیمینیزمە کە خۆی بە گرووپی کەمینەکان دەزانێت و پاسپۆرتی قوربانیی هەیە و موسڵمانان و کۆچبەرانیش وەک هاوپەیمانی خۆی دەبینێت، بێدەنگە بەرانبەر بەم جۆرە دەستدرێژییە سێکسییە.

ئەم فیمینیزمە چاوێکی بە زەقی بۆ شوێنێک کراوەیە کە کەمترین نیشانەی توندوتیژی تێداماوە و چاوەکەی دیکەی بەرانبەر بەو شوێنەی زۆرترین توندوتیژیی تێدایە، داخستووە، ئەمەش نیشانەی باوی هەر ئایدیۆلۆژیایەکە. ئەم فیمینیزمە خاوەن لێبوردەییەکی سەرتاپاگیرە بەرانبەر بە توندوتیژیی پراکتیکی پیاوانی کۆچبەر، بەڵام لەوە تێناگات لێبوردەیی ناسنووردار بەرانبەر بە نالێبوردەیی لە داهاتوودا دەبێتە قڵپوونەوەی سەرتاپای کەشتییەکە و هەڵوەشاندنەوەی لێبوردەیی، تا ئەو کاتەی نالێبوردەیی توندوتیژیی ڕاستەقینە شوێن بەو هێمنبوونەوە و نەرمبوونەوەیە و بەشارستانێتیبوونەش چۆڵ دەکات کە فیمینیزمی نوێ وەک سەرچاوەی هەڕەشە دەبینێت: پیاوانی سپیپێستی بەسالاچوو.